# وەقایعی کوردستان

ڕۆژنامەی ڕەسمیی هەرێمی کوردستانە - وەزارەتی داد دەری دەکات

ژمارە (٣٠٣) ساڵی بیست و سێ ٨ ئایار ٢٠٢٣زایینی ١٨ گوڵان ٢٧٢٢ کوردی ١٨ شەوال ١٤٤٤ کۆچی

303



ل ١

**ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٣ وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی**

تایبەت بە پاراستنی بەرهەمی خۆماڵی

٣٢ **ڕێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٣ وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی**

تایبەت بە پێدانی مۆڵەتی کارکردنی نوسینگەکانی ژووری بازرگانی بیانی و سەنتەرە بازرگانیەکان و دامەزراوە ئابوورییەکان لە هەرێمی کوردستان

٣٤ **ڕێنمایی گومرگی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٣ وەزارەتی دارایی وئابووری**

هەمواری لە ڕێنمایی گومرگی ژمارە (٧)ی ساڵی ٢٠٢٠

٤٠ **ڕێنمایی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٢٣ وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی**

هەموارکردنەوەی ڕێنمایی ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠١٣ڕێککاری کردنەوەی سەنتەرەکانی ڕاهێنانی پیشەیی بۆ کەرتی تایبەت لە هەرێمی کوردستان_عێراق

٤١ **ڕێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٣ دەستەی پاراستن وچاککردنی ژینگە**

بەدواداچوون و بەرزەفتکردنی سەرپێچییە ژینگەییەکان

# وقائع كوردستان

الجريدة الرسمية لأقليم كوردستان - تصدر من قبل وزارة العدل

العدد (٣٠٣) السنة ثلاثة وعشرون ٨ ايار ٢٠٢٣ م. ١٨ گولان ٢٧٢٣ ك. ١٨ شوال ١٤٤٤ هـ.

303

| فهرست المواضيع باللغة الكوردية فقط | ص |
|---|---|
| تعليمات رقم (١) لسنة ٢٠٢٣ وزارة التجارة والصناعة | ١ |
| تعليمات رقم (٢) لسنة ٢٠٢٣ وزارة التجارة والصناعة | ٣٢ |
| تعليمات گمرگی رقم (٢) لسنة ٢٠٢٣ وزارة المالية والاقتصاد | ٣٤ |
| تعليمات رقم (٣) لسنة ٢٠٢٣ وزارة العمل و الشؤون الاجتماعية | ٤٠ |
| تعليمات رقم (٢) لسنة ٢٠٢٣ هيئة حماية وتحسين البيئة | ٤١ |

The Weekly Formal Newspaper of Kurdistan Region , Published by Ministry of Justice

No. 303 Date: May 8, 2023 Vol.: 23

العنوان - أربيل - تقاطع فرانسوا ميتران - بناية وزارة العدل
تلفون: ٠٦٦٢٢٤٥٥٠٨ - ٠٦٦٢٢٤٥٥٠٧ - ٠٦٦٢٢٤٥٥١٤

سعر ١٥٠٠ دينار

Address: Franswa Metran Cross
www.gov.krd/moj , www.yasaii.info

چاپخانەی شەهاب - هەولێر
٠٧٥٠ ٤٤٨ ٣٨٦٣

**وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی**

**ژمارە: ١٧٨٩ لە ٢٠٢٣/٤/٢٧**

پاڵپشت بەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە ماددەی (٢٤) لە یاسای پاراستنی بەرهەمی خۆمالیەکان لە هەرێمی کوردستان ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢١، بڕیارماندا بە دەرکردنی ئەم ڕێنماییەی خوارەوە:

**ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٣**
**تایبەت بە پاراستنی بەرهەمی خۆماڵی**

**بەندی یەکەم**

**یەکەم : پێناسەکان**

**ماددەی (١): دەستەواژەکان:**

**یەکەم : وەزارەت :** وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی هەرێم

**دووەم : وەزیر :** وەزیری بازرگانی و پیشەسازی هەرێم

**سێیەم : لایەنی تایبەتمەند (پەیوەندار ):** بەڕێوەبەرایەتی گشتی گەشەپێدانی پیشەسازی لەوەزارەت.

**ماددەی (٢):**

**یەکەم :**

أ/ **بەرهەمە نیشتمانیەکان (خۆماڵیەکان)** : بەرهەمی پیشەسازی (هەر کالایەک کە لە کارگە مۆڵەت پێدراوەکانی ناوخۆ بەرهەم دەهێنرێت) یان کشتوکاڵی (ڕووەکی و ئاژەڵی کە لە کێلگە کشتوکاڵیەکان و ئاژەلیەکانی ناوخۆ بەرهەم دەهێنرێن) تا دەگاتە دەستی بەکاربەر لە هەرێمی کوردستان و عێراق .

ب/ **بەرهەمی هاوشێوە :** بەرهەمی خۆماڵی واتە (کالای پیشەسازی یان کشتوکاڵی و ئاژەڵی) هاوشێوە لە هەموو ڕوویێکەوە بۆ بەرهەمی هاوردە یان هاوشێوەیەتی تا ڕادەیەکی زۆر لە ڕووی خەسڵەت و بەکارهێنانی .

ج/ **بەرهەمی ڕکابەر** : بەرهەمی خۆماڵی (بەرهەمی کارگە مۆڵەت پێدراوەکان کێلگە کشتوکاڵی و ئاژەڵیەکان) کە ڕکابەری بەرهەمی هاوردەیە لە بەرکار هێنانی ئەگەر هاوشێوەشی نەبێت .

د/ **بەرهەمهێنەرە ناوخۆییەکان** : ئەو بەرهەمهێنەرانەن (خاوەن کارگە مۆڵەت پێدراوەکان یان کێلگە کشتوکاڵی و ئاژەڵیەکان) کە ڕێژەی زۆرینەی بەرهەمی هاوشێوە یان ڕکابەر بەرهەمدەهێنن وە بەرهەمەکانیان لایەنی کەم زیاتر لە(٥٠٪)ی پێداویستی ناوخۆی هەرێم لەو کالایە دابین دەکەن .

هـ/ **نوقمکردن** : هاوردەکردنی بەرهەمێک (پیشەسازی یان کشتوکاڵی و ئاژەڵی) بۆ هەرێم بە نرخێکی کەمتر لەبەهای ئاسایی خۆی لەبازاری وولاتی هەناردەکار .

و/ **پاڵپشتیکردن:** ئەوسوودە داراییە کە دەوڵەتی سەرچاوە یان هەناردەکار یان دامەزراوەیەکی کەرتی گشتی لەو دەوڵەتە بە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ پێشکەشی دەکات و دەبێتە مایەی سوودمەندبوونی بەرهەمهێن یان ئەو کەسانەی بەرهەمەکە دەگوازنەوە یان دەیفرۆشن یان هەناردەی دەکەن .

ر/ **زێدەهاوردەکردنی بێ پاساو :** زێدە هاوردەکردنی بەرهەمە بۆ هەرێم بە شێوەیەکی ڕەها یان ڕێژەیی ئەگەر نوقمکار یان پاڵپشتیکراویش نەبێت بەجۆرێک ببێتە هۆکاری زیانگەیاندنی ڕاستەوخۆ یان ئەگەری زیانگەیاندن بەو دامەزراوە خۆماڵیانەی کە بەرهەمی هاوشێوە یان ڕکابەر بەرهەم دەهێنن .

ز/ **پیادە کردنی زیانبەخش** :نوقمکردن یان پاڵپشتیکردن یان زێدەکردنی بێ پاساو دەگرێتەوە.

ح/ **زیان :** زیان کردن یاخود ئەگەری زیان کردن کە دەبێتە هۆی ڕێگری یان ئاستەنگ بۆ کەرتی پیشەسازی یاخود کشتوکاڵی نیشتیمانی بەهۆی نوقم کردن یان پاڵپشتیکردن یان زێدە هاوردەکردنی کاڵا بەبێ پاساو.

خ/ **لێکۆڵینەوە :** بریتیە لە ووردبینی و بەدواداچون لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی گەشەپێدانی پیشەسازی ئەنجام دەدرێت بۆ دڵنیابوون لەڕاستی ودروستی بەڵگەنامەو زانیاریە پێشکەش کراوەکان ڕوودانی پیادەکاری زیانبەخش و، زیانە لێکەوتوەکانی و بوونی پەیوەندی هۆکاری لەنێوانیاندا

ع/ **ڕێکاری خێرا :** ئەورێکارانەن کە بەشێوەیەکی کاتی جێبەجێ دەکرێن تا یەکلاکردنەوەی دۆسیەی لێکۆڵینەوە بۆ ڕاگرتن یان کەمکردنەوەی کاریگەری پیادەکاری زیانبەخش لەسەر بەرهەمی خۆماڵی

غ/ **ڕێوشوێنی کۆتایی** :ئەو ڕێوشوێنانەن کە دوای کۆتای هاتنی لێکۆڵینەوەکان و سەلماندنی پیادەکاری زیانبەخش و زیانە لێکەوتەکانی و پەیوەندی هۆکاری لە نێوانیاندا بە بڕیاری وەزیر بۆ پاراستنی بەرهەمی خۆماڵی دەگیرێنەبەر .

ط/ **نرخی ئاسایی :** بریتیە لەو نرخەی کە بەرهەمە هاوردەکراوەکەی پێ دەخرێتە بەردەم بەکاربەر لە خوودی وڵاتی هاوردەلێکراو .

ك / **پەراوێزی نوقمکردن** : جیاوازی نێوان بەهای ئاسایی بەرهەمی هاوردەکراو و نرخی هەناردەکردنیەتی.

**دووەم : حوکمەکانی ئەم یاسایە**

١-حوکمەکانی ئەم یاسایە لەسەر ئەو پیادەکاریە زیانبەخشانە جێبەجێ دەکرێت کە دەبنە هۆی زیانگەیاندن یان ئەگەری زیانگەیاندن بە کەرتی پیشەسازی و کشتوکاڵی و بازرگانی .

٢-حوکمەکانی ئەم یاسایە پاراستنی ئەو بەرهەمە خۆماڵیانە دەگرێتەوە کە لانی کەم (٥٠٪) پەنجا لەسەدای پێداویستی ناوخۆی هەرێم دابین دەکەن وە بەپێی پێوەرەکانی پێوانەسازی عێراقی یان جیهانی لەکاتی نەبوونی پێوەری عێراقی کوالیتیەکی بەرزیان هەیە.

٣-حوکمەکانی ئەم یاسایە پاراستنی ئەو بەرهەمە پیشەسازیە خۆماڵیانە دەگرێتەوە کە لانی کەم (٥٠٪) پەنجا لەسەدی پێکهاتەکەی کەرەستەی خاوی بەرهەمی ناوخۆیی بێت نەک هاوردە .

## بەندی دووەم

## (نوقمکردن)

**ماددەی (٣):**

**نوقمکردن** : بریتیە لە هاوردەکردنی بەرهەمێک یان کاڵایەک بۆ هەرێمی کوردستان بەنرخێکی کەمتر لە بەهای ئاسایی خۆی لەبازارەکانی وڵاتی هەناردەکاری بەرهەمەکە .

أ/ بەرهەمێک بە نقومکراو هەژمار دەکرێت ئەگەر هاتوو نرخ یان بەهای هەنارده کردنی بۆ هەرێم کەمتر بێت لە نرخ یان بەهای ئاسایی بەرهەمەکە لە بازاری ووڵاتی هەناردەکار .

ب/ نرخی ئاسایی : - بریتیە لەو نرخەی کە بەرهەمە هاوردەکراوەکەی پێ دەخرێتە بەردەم بەکاربەر لە ووڵاتی هاوردەلێکراوی بەرهەمەکە .

ج/ پەراوێزی نوقمکردن : بریتیە لە جیاوازی نێوان بەهای ئاسایی بەرهەمی هاوردەکراو ، وە بەهای هەناردەکردنیەتی .

د/ پیادەکردنی زیان بەخش : - نوقمکردن یان (پاڵپشتیکردن) یان زێدە هاوردەکردنی کاڵایەک دەگرێتەوە بەبێ پاساو .

هـ/ نرخی هەناردەکردن : - بریتیە لەنرخی دراویان کە پێویستە بدرێت بە کاڵایەک کاتێک کەهەناردەی هەرێم دەکرێت.

و/ ئەگەرهاتوو کە لایەنی پەیوەندار گەیشتە ئەو بڕوایەی کە نرخی هەناردەکردن نرخێکی ڕاستەقینە نیە بەهۆی بوونی ڕێکەوتنێکی تایبەتی پێش وەختە لە نێوان هەناردەکار لەلایەک و هاوردەکار لەلایەکی تر یان هەرلایەنێکی تر لەم کاتەدا لایەنی پەیوەندار ئەو ڕێگەیە هەڵدەبژێرێ کە پێی گونجاوە .

ر/ یەکخستنی دراوی پشت پێبەستراو کاتی ئەژمارکردنی بەهای ئاسایی و نرخی کاڵای هەناردەکراو بە مەرجێک پشت بە نرخی خەرجکردن لە ڕۆژی فرۆشتندا ببەسترێ و نرخی دواخراوی خەرجکردن بەکار بهێنرێ ئەگەر نرخی کاڵا ی هەناردەکراو ڕاستەوخۆ بەسترابووە وە بە ڕێکەوتنی دواخراوی دراو لە بازاڕدا .

ز/ دەکرێت ئەژمار کردنی پەراوێزی نوقمکردن بەڕێژەی سەدی بە دابەشکردنی نرخە دەستکەوتوەکە لەجیاوازی نێوان نرخی ئاسایی بەرهەمە هاوردەکراوەکە و نرخی هەنارده کردنەکەی بەسەر نرخی هەناردەکردن دیاری بکرێت .

ح/ بەرهەمێک بەنوقمبوو هەژمار ناکرێ ئەگەر هاتوو پەراوێزی نوقمکردنە ئەژمارکراوەکەی کەمتر بێت لە (٢ ٪) دوو لە سەدای نرخی هەناردەی بەرهەمەکە .

**ماددەی (٤):**

ئەگەر بەرهەم لە ڕێـڕەوی بازرگـانی ئاسـایدا فرۆشـی لە وولاتـی هەناردەکـاردا نەبـوو یـا ئەگەر فرۆشێکی وای هەبوو ڕێی نەدا بەراوردێکی ڕاست بکرێ یـان بە هـۆی دۆخـی تـایبەت، بـازاڕ یـان بچووکی قەوارەکەیەوە بەهای ئاسایی پشت بەستوو بەم بنەمایانە دیاری دەکرێ :-

١- نرخی بەرهەمەکانی هەناردەکراو بـۆ وولاتێکـی سـێیەم گونجـاوە بـۆ بەراورد کردنێکـی ڕاسـت و دروست.

٢- بەهای هەڵهێنجراوی بەرهەم بریتیە لە تێچووی بەرهەمهێنـانی لە وولاتەکەدا سـەرباری قـازانج و هەموو تێچوویەکی بەڕێوەبردن و فرۆشتن و هەرتێچوویەکی تر .

٣- بۆ جێبەجێکردنی بڕگەی (أ)ی بەندی (دووەم)ی ئەم ماددەیە بڕی فرۆش بەکەم دادەنرێ ئەگەر بڕی فرۆشی بەرهەم لە وڵاتی هەناردەکار کە بـۆ وڵاتێکـی سـێیەم هەنـاردەکراوە لە (٥٪) لە سـەدا پێنچی بڕی هەناردەکەی بۆ هەرێم کەمتر بـێ لە کاتێکدا لایەنـی پەیوەنـدار بڕیـاری نەدابـێ کە فرۆشەکە بەسە بـێ بەراورد کردنێکـی ڕاسـت پشـت بەسـتوو بەو بەڵگـانە کە هەن یـا ئەوانەی کە لایەنەکانی لێکۆڵینەوە پێشکەشی دەکەن .

**ماددەی (٥):**

دەشێ بەهای ئاسایی بەرهەم دیاری بکرێ ئەگەر ڕاستەوخۆ لە وولاتە داهێنەرەکەوە نەهێنـرێ پشـت بەستوو بە نرخ لەو وڵاتەدا لە هەر یەکە لەم دۆخانەی لای خوارەوەدا :-

**یەکەم:** ئەگەر بەشێوەی (ترانزێت) لە وولاتی هەناردەکارەوە گواسترابوەوە .

**دووەم :** ئەگەر لە وولاتی هەناردەکاردا بەرهەم نەهێنرابوو .

**سێیەم :** ئەگەر نرخێکـی بەرهەمەکە لە وولاتـی هەناردەکـاردا نەبـێ بـۆ ئەوەی هەلێـک بڕەخسـێنێ کە بەراوردی لەگەڵدا بکرێ .

**ماددەی (٦):**

ئەگەر لایەنی تایبەتمەند بۆ لێکۆڵینەوە بڕیاری دا بەرهەمەکە لە دەوڵەتێکەوە هاوردەکراوە کە پشت بە ئابووری بازاڕ نابەستێ بەهای ئاسایی بەرهەم بەم شێوەیەی لای خوارەوە دیاری دەکرێ :-

**یەکەم** : هەر زانیـارییەک پەیوەنـدیی بەدۆخـی بەرهەمهێنـانەوە هەبـێ لەدەوڵەتێکـی تـردا کە پشـت بەئـابووری بـازاڕ دەبەسـتێ بە مەرجێـک هاوشـێوەی دۆخـی بەرهەمهێنـان بـێ لە دەوڵەتە هەناردەکارەکەدا.

**دووەم** : هەڵهێنجانی (استنباط) بەهای ئاسایی کاڵا هاوردە کراوەکە .

**سێیەم** : هەر بنچینەیەکی تر کە لایەنی تایبەتمەند بە گونجاوی بزانی .

**ماددەی (٧):**

بەمەبەستی دیاری کردنی بەهای ئاسایی کاڵایەک لایەنی پەیوەندار دەتوانێ هەڵاوێـردی فرۆشـراوی بکات بەم شێوازەی خوارەوە : -

**یەکەم** : ئەو فرۆشانە کە لەگەڵ کەسانی بەستراو بە فرۆشیارەوە دەکرێ بەپێی حوکمەکانی بەندی (دووەم)ی ماددەی (٤)ی ئەم ڕێنماییەن .

**دووەم** : هەر فرۆشێکی ئەو بەرهەمە لە وولاتی هەناردەکار یا بۆ وولاتێکی سێیەم بە نرخێکی کەمتر لە تێچووی بەرهەمهێنانی یەکەیەکی بەرهەم کۆی تێچووی بەڕێوەبردن و فرۆشتنی و تێچووی تری ئەم یەکەیە وە قازانج لەو وڵاتە ئەگەر ئەم مەرجانەی خوارەوە بەدی هات :-

أ/ ئەگەر نرخی ئەم فرۆشانە نەبێتە هۆی بەدەست هێنانەوەی تێچووی لە ماوەیەکی گونجاودا چونکە ئەم نرخانە لە (المتوسط المرجح) تێچووی بەرهەمهێنانی یەکەی بەرهەمەکە لە ماوەی جێبەجێکردندا کەمتر دەبێ وە تێچووی بەڕێوەبردن و فرۆشتن و تێچووی تری ئەم یەکەیەشی دەخرێتە سەر .

ب/ ئەگەر ئەم فرۆشانە لە ماوەیەکدا بێ کە بگاتە یەک ساڵ بەمەرجێک ئەم ماوەیە لە هەموو دۆخێکدا لە (١٨٠) سەدو هەشت ڕۆژ کەمتر نەبێ .

ج/ ئەگەر ئەم فرۆشانە بە بڕێکی گەورە بوون بە جۆرێک کە (المتوسط المرجح)ی نرخی ئەم فرۆشانە لەو ڕێکەوتنانەی کە لە دیاریکرنی بەهای ئاسایدا ڕەچاو دەکرێ لە (المتوسط المرجح)ی تێچووی یەکەی کاڵاکە کەمتر بێ یا قەوارەی ئەو فرۆشانە کە بە نرخی یەکەی بەرهەم کەمتر دراون لە (٢٠٪) لەسەدا بیست قەوارەی فرۆشی کەمتر نەبێ لەو ڕێکەوتنانەدا.

**ماددەی (٨):**

ئەگەر لایەنی تایبەتمەند نرخی هەناردەکردنی کاڵاکەی بۆ دیاری نەکرێ یا بە ناڕاستی بزانێ لەبەر هەبوونی ئەو پەیوەندیەی وا دەقەکەی لەبەندی (دووەم)ی ماددەی (٤)ی ئەم ڕێنماییانەدا هاتووە یا لەبەر هەبوونی ڕێکەوتنێکی تایبەت لەنێوان هەناردەکار لە لایەک و هاوردەکار یا هەر لایەنێکی تردا لەلایەکی ترەوە ئەوکاتە لایەنی تایبەتمەند بۆی هەیە نرخی کاڵای ناردنە دەرەوە بەپشت بەستوو بەمانەی لای خوارەوە بە ئەنجامی بگەیەنێ :

**یەکەم** : ئەو نرخە کە دووبارە فرۆشتنی بەرهەمی هاوردەکراو بۆیەکەم کڕیاری پێوە نەبەستراوی سەربەخۆ لە هەرێم وعێراقدا کەم (لێدەرکردنی)هەر قازانج یا تێچوویەکی وەک ڕەسم و باجی لە نێوان لە هاوردەکردن و دووبارە فرۆشتنیدا کە لە ناو هەرێم و عێراقدا دەکەوێتە سەری.

**دووەم** : ئەو ڕێوشوێنە کە لایەنی تایبەتمەند بە گونجاوی دەزانێ ئەگەر بەرهەمەکە دووبارە نەفرۆشرا بە کڕیارێکی سەربەخۆ یا دووبارە بە هەمان دۆخی کە هاوردەکراوە نەفرۆشرا

**ماددەی (٩):**

**یەکەم** : لایەنی تایبەتمەند پەراوێزی نوقمکردن بە جیاوازی نێوان نرخی ناردنە دەرەوەی و بەهای ئاسایی بەرهەم ئەژمار دەکات .

**دووەم** : بەراوردی بەهای ئاسایی و نرخی هەناردەکردنی بەرهەمی هاوردەکراو بە ڕەچاوکردنی ئەم خاڵانەی لای خوارەوە دەکرێ :

أ- بەراورد کردن پەیوەندی بەو فرۆشانەوە هەبێ کە لە چەند کاتێکی لێک نزیکدا ئەنجامدراون.

ب- ئەو جیاوازییانە کە بەراوردکردنەکە دەشێوێنێ بۆ هەر دۆخێک بە تەنها بەدۆخی فرۆشتن و مەرجەکانی و باج وئاستە بازرگانیەکان و بڕی بەرهەم و خەسڵەتە ماددییەکانیەوە .

ج- یەکخستنی دراوی پشت پێ بەستراو کاتی ئەژمارکردنی بەهای ئاسایی و نرخی کاڵا ناردنە دەرەوە بە مەرجێک پشت بە نرخی خەرجکردن لە ڕۆژی فرۆشتندا ببەسترێ و نرخی کاڵا دواخراوی خەرجکردن بەکار بهێنرێ ئەگەر نرخی کاڵا ناردنە دەرەوە ڕاستەوخۆ بەسترابووەوە بە ڕێکەوتنی دواخراوی دراو لە بازاڕدا .

**ماددەی (١٠):**

لایەنی تایبەتمەند پەراوێزی نوقمکردن فەرامۆش دەکات ئەگەر دەرکەوت لە جیاوازییەکانی نرخی خەرجکردنەوە یا لە زیادبوونی بەردەوامی بەهای دراوی بیانییەوە بە بەراورد لەگەڵ دیناری عێراقیدا پەیدابوو ماوەیەکیش کە لە سێ یەکی ماوەی لێکۆلینەوە زیاتر نەبێ دەدرێتە لایەنی تایبەتمەندی هەناردەکاران بەپێی بەڵێننامەیەکی نووسراو لە ماوەی لێکۆلینەوە دا بۆ ڕاستکردنەوەی نرخەکانی کاڵا ناردنە دەرەوە لەدواڕۆژدابە شێوەیەک کە جووڵەی بەردەوامی نرخەکانی خەرجکردنی لە کاتی ماوەی دیاریکراوی لێکۆلێنەوەدا ڕەنگ بداتەوە .

**ماددەی (١١):**

**یەکەم** : دەشێ پەراوێزی نوقمکردن بە ڕێژەیەکی سەدی ئەژمار بکرێ ئەویش بە دابەشکردنی بە های بەدی هاتوو لە جیاوازی نێوان (بەهای ئاسایی بەرهەمی هاوردەکراو و نرخی هەناردەکردنی) بەسەر نرخی هەناردەکردنیدا .

**دووەم** :ئەگەر پەڕاوێزە ئەژماکراوەکەی لە (٢٪) لە سەدا دووی نرخی هەناردەکردنەکەی کەمتر بوو بە نوقمکردن هەژمارناکرێ .

**ماددەی (١٢):**

لایەنی تایبەتمەند بۆی هەیە پەڕاوێزی نوقمکردن بۆ هەر کاڵایەکی هەناردەکراو یا بەرهەم لە ماوەی دیاری کراوی لێکۆلینەوەدا ئەژمار بکا بەپێی ئەمانەی لای خوارەوە :-

**یەکەم** : جیاوازی نێوان (المتوسط المرجح) بەهای ئاسایی فرۆشی پشت بەستراو لە لای لایەنی تایبەتمەندو (المتوسط المرجح) نرخی ڕێکەوتنەکانی کاڵا هەناردەکراوە کە دێتە ناو هەرێم لە هەمان ماوەدا .

**دووەم** : (التوسط المرجح)ی پەراوێزی نوقمکردن کە لە ئەنجامی جیاوازیی نێوان هەر بەهایەکی ئاسایی بەرهەم لە هەموو ڕێکەوتنێکدا لەو ڕێکەوتنانەی لە بەندی (یەکەم)ی ئەم ماددەیە بەدەق ناوی هێناون و نرخی کاڵا هەناردەکردنی هەمان ڕێکەوتنی پەیدا بووە .

**ماددەی (١٣):**

لایەنی تایبەتمەند بۆی هەیە پەراوێزی نوقمکردنی دەوڵەتێکی دەست نیشانکراو بەپێی (المتوسط المرجح)ی پەڕاوێزە تاکە کەسییەکانی نوقمکردنی هەناردەکارانی ئەو دەوڵەتە ئەژمار بکات.

## بەندی سێیەم
## پاڵپشتیکردن

**ماددەی (١٤):**

**یەکەم** : پاڵپشتیکردن : بریتیەلەو سوودە داراییەی کە دەوڵەتی بەرهەمهێنی کاڵا (المنشا) یان دەوڵەتی هەناردەکار یان هەر دامەزراوەیەکی کەرتی گشتی لەو دەوڵەتە بەڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ پێشکەشی دەکات و دەبێتە مایەی سوودمەندبوونی بەرهەمهێنەرەکانیان یان ئەو کەسانەی بەرهەمەکە دەگوازنەوە یان دەیفرۆشن یان هەناردەی دەکەن .

**دووەم** : بە پاڵپشتیکردن هەژمار دەکرێت هەر شێوە هاوبەشیەکی دارایی کە حکومەت بیکات وەک ئەمانەی لای خوارەوە:-

أ/ هەر تمویل کردنێک کەدەوڵەت پێشکەشی بکات جا بەشێوەی ڕاستەخۆ وەک بەخشین یا قەرز یا ناڕاستەوخۆ وەک بیمەکردنی ئەو قەرزانە کە لایەنی تر دەیبەخشێت .

ب/ دەست هەڵگرتنی دەوڵەت لە داهاتی خۆی جا بەشێوەی لێخۆشبوون بێ یا وەرنەگرتنی یا گێڕانەوەی ڕەسم یان باجی وەرگیراو پاش هەناردەکردنی .

ج/ دەست کردنی دەوڵەت بە کڕینی یان پێشکەشکردنی کاڵاو خزمەتگوزاری لە دەرەوەی چوار چێوەی دیاریکراوی بازاڕ بە شێوەیەک کە پەیوەندی بە ئەرکەکانی خۆیەوە نەبێ کە لە دابینکردنی ژێرخانی گشتیدا خۆی دەنوێنێ .

د/ دەست کردنی دەوڵەت بە پێدانی بڕێک پارە بە دەزگا تایبەتمەندەکانی(تمویل) پارەپێدان یان ڕێکەوتن لەگەڵ لایەنێکی تردا بۆ ڕاپەراندنی حاڵەتێک یان زیاتر لەو حاڵەتانە کە لە دەقی بڕگەکانی (أ) و (ب) و (ج)ی ئەم بەندە هاتووە .

**ماددەی (١٥):**

ڕسوماتی (قەرەبوو) دادەنرێت بەجۆرێک یەکسان بێت بە پاڵپشتیکردنی پێشکەشکراو بەکاڵای هاوردەکراو بۆ هەرێم ئەگەر هاتوو دەرکەوت لەئەنجامی لێکۆڵینەوەی لایەنی پەیوەندار بەپێی ئەحکامەکانی یاسای لێکۆڵینەوە لەم کاتانەی خوارەوە : -

أ/ ئەگەر کاڵای هاوردەکراو ببێتە هۆی زیان بۆ بەرهەمی ناوخۆی هاوشێوەی بەپێی یاسا .

ب/ سوودمەند بوونی کاڵای هاووردەکراو لە پاڵپشتیکردنی قەدەغەکراو (محظور) پاڵپشتی بە تەرخانکراو دادەنرێ ئەگەر دەوڵەتی پلە بەخش (یا بەخشین) بەپێی یاساکانی خۆی بەخشیی بە یەک لایەن یان کەرتێکی دیاریکراوی بەرهەمهێنان یا کۆمەڵێک لایەن یان کەرتی بەرهەمهێنان یا لەناو ناوچەیەکی دیاریکراوی جوگرافیدا.

**ماددەی (١٦):** پاڵپشتیکردن له هەر یەکێک لەم دوو بارانەی لای خوارەوە دا بە قەدەغەکراو دادەنرێ :-

**یەکەم** : ئەگەر بەخشینەکەی بەپێی یاساکانی دەوڵەتی پارە بەخش یا بەپێی هەڵکەوتی خۆی لە هەناردەکردندا قەتیس بوو چاوپۆشی لەهەر بنەمایەکی ڕەچاوکراو یا مەرجێک کە لەوەدا ڕەچاو کرابێ .

**دووەم** : ئەگەر بەخشینەکەی لە مەرجی بەکارهێنانی کاڵا خۆجێییەکاندا قەتیس بوو بەبێ کاڵای هاوردەکراو .

**ماددەی (١٧):**

**یەکەم** : بڕی پاڵپشتیکردن بەپێی سوود یا هاوبەشی دارایی بەدیهاتوو بۆ پاڵپشتیکردنی وەرگر دیاری دەکرێ و لە ماوەی دیاریکراوی لێکۆڵینەوەدا ئەژمار دەکرێ .

**دووەم** : سوود یان هاوبەشی دارایی بەدیهاتوو بۆ پاڵپشتیکردن وەرگر بەم شێوەیەی لای خوارەوە ئەژمار دەکرێ :

أ/ هاوبەشی حکومەتی لە سەرمایەی کۆمپانیایەکدا کە سوودێک بۆ ئەو کۆمپانیایە بەدی بێنێ ئەگەر هاوبەشییەکە لەگەڵ هەڵسووڕاندنی ئەو وەبەرهێنانە ئاسایی و باوە کە وەبەرهێنێکی کەرتی تایبەت لەو دەوڵەتە کاڵا نێردراو دا دەیکات ڕێک نەکەوێ

ب/ حکومەت قەرزێک بدا سوودێک بۆ قەرزەکە دابین بکات بە نرخی سوود و تێچوویەکی کەمتر لەوە کە دەیداتەوە بۆ قەرزکردنی هەمان بڕە پارە لە لایەکی ترەوە بەپێی پێوانەکانی بازاڕ و سوودیشی لەم بارەدا بەپێی جیاوازی نێوان هەردوو بڕە پارە ئەژمار دەکرێ.

ج/ حکومەت دەستەبەری قەرزێک بکات کە سوودێک بۆ کۆمپانیای سوود وەرگر لەو دەستەبەرە دابین بکات ئەگەر جیاوازییەک لە نێوان ئەو بڕە پارەیەدا کە کۆمپانیا لەسەر بڕە دەستەبەر کراوەکەی حکوومەت دەیداو ئەو بڕە پارەیەش کە بۆ قەرزێکی هاوشێوەی بێ دەستەبەری حکومی دەیدا بەمەرجێک لەم بارەدا سوود بەپێی جیاوازی نێوان هەردوو بڕە پارەکە ئەژمار بکرێ بە ڕەچاوکردنی جیاوازی نێوان ئەو ڕەسمانە کە کۆمپانیا لە هەردوو پارەکەدا دەیدا .

د/ حکوومەت کاڵا و خزمەتگوزاری بە نرخێکی کەمتر لە نرخی بازاڕ بۆ بەرهەمهێنەکان دابین بکات یان لەبری ئەوە بە نرخێکی زیاتر لە نرخی بازاڕ کە سوودێکیان بۆ مسۆگەر بکات و لێیان بکڕێ بە مەرجێک بارودۆخی بازاڕ و جۆری کاڵاو خزمەت و زۆری توانایی خستنە بازاڕ و گواستنەوە و مەرجەکانی فرۆشتن و کڕینی ڕەچاو بکرێن .

**ماددەی (١٨):**

چەند ڕەسمێکی قەرەبووکەرەوە دەسەپێندرێ کە هاوتای پاڵپشتیکردنی بەخشراوی بەرهەمی هاوردەکراو بۆ هەرێم و عێراق بێ ئەگەر بەپێی ئەو لێکۆڵینەوەیە کە لایەنی تایبەتمەند پشت بەستوو بە حوکمەکانی یاسا دەیکات هەریەکێک لەم دوو بارەی لای خوارەوە بەدی بێنێ :-

**یەکەم** : هاوردەکار سوود لە پاڵپشتیەک دەبینێ بەپێی هەردوو ماددەی (١٤) و (١٥)ی ئەم ڕێنماییە بە مەرجێک زیان بە بەرهەمهێنێکی هاوشێوەی خۆماڵی بگەێنی بەپێی یاسا

**دووەم** : سوود وەرگرتنی هاوردەکار لە پاڵپشتیەک کەقەدەغەیە بەپێی حوکمەکانی ماددەی (١٦)ی ئەم ڕێنماییە .

## بەندی چوارەم:
## زێدە هاوردەکردنی بێ پاساو

**ماددەی (١٩):**

زێدە هاوردەکردنی بەرهەمێکە بۆ هەرێم بەشێوەی ڕەها یان ڕێژەیی ئەگەر نوقمکار یان پاڵپشتیکراویش نەبێت بەجۆرێک ببێتە هۆکاری زیان گەیاندنی ڕاستەوخۆ یان ئەگەری زیان گەیاندن بەو دامەزراوە خۆماڵیانەی کە بەرهەمی هاوشێوە یان ڕکابەر بەرهەمدەهێنن بەشێوەیەک کە :-

١ – زێدە هاوردەکردنی کاڵایەک وە بڕەکەی جا ئەگەر ڕەها بێت یان بەشێوەیی ڕێژەیی بێت بە بەراوورد بە بەرهەمی خۆماڵی کاڵاکە .

٢ - پشکی بازار کەبەرهەمهێنەرە خۆماڵیەکان لەدەستی دەدەن بەهۆی زێدە هاوردەکردنی کاڵای بیانی

٣ - گۆڕان لەبڕی بەرهەم و فرۆشتن و سوود وەرگرتن لە توانای بەرهەمهێنان و کوالیتی بەرهەم و کۆگاکراو قازانج و زیان و لە دەستدانی هەلی کار .

**ماددەی (٢٠):**

١ - هەڵسەنگاندنی کاریگەری زێدەهاوردەکردنی بێ پاساو لەسەر بەرهەمهێنەرە خۆماڵیەکان دەکرێت بەپێی ئەو زانیاریە بەردەستانە کە پەیوەستە بە بەرهەمیان لە کاڵای خۆماڵی .

٢ - هەڵسەنگاندنی کاریگەری زێدەهاوردەکردنی بێ پاساو بەپێی زانیاری تایبەت بە بەرهەمهێنانی نزیکترین جۆری کاڵا کە زانیاری پێویست لەسەری بەردەستە وەکاڵای بەرهەمهێنراوی خۆماڵیش هەمان کاڵایە ئەگەر هاتو زانیاری تەواو بەردەست نەبوو کە لەخاڵی یەکەمی سەروەدا نووسراوە لەم ماددەیە.

**ماددەی (٢١):** لایەنی تایبەتمەند پشت بە هۆکارەنی ناو دەقی ماددەی (١٩)ی ئەم ڕێنماییانە دەبەستێ بۆ یەکلاکردنەوەی زیانی چاوەڕوانکراو کە لە ئەنجامی زێدە هاوردەکردنی بێ پاساو ڕوودەدات نەک تەنها پڕوپاگەندە بێت .

**ماددەی (٢٢):**

**یەکەم** : لایەنی تایبەتمەند ئەوە یەکلایی دەکاتەوە کە زێدە هاوردەکردنی بێ پاساوی کاڵا زیانی گەیاندووە یان ڕێی تێدەچێ زیان بە بەرهەمهێنەرە خۆماڵیەکان بگەێنێ .

**دووەم** : لایەنی تایبەتمەند کاتی هەڵسەنگاندنی پەیوەندی هۆکاریانەی نێوان زێدەهاوردەکراوی کاڵا و زیان لێ کەوتنی بەرهەمهێنەرە خۆماڵیەکان ڕەچاوی هەر هۆیەکی دیکە دەکات کە بوویێت یا دەبێتە مایەی ئەم زیانە .

**ماددەی (٢٣):**

بەرهەمهێنەرە خۆماڵیەکان یا بریکارەکانیان لای لایەنی تایبەتمەند داوای خۆپاراستن لە زێدە هاوردەکردنی بێ پاساوی کاڵایەکی هاوشێوە یان ڕکابەری ئەو کاڵایە کە بەرهەمی دێنن پێشکەش دەکەن بە مەرجێک داواکە ئەمانە لە خۆبگرێ :

**یەکەم** : ئەو بەڵگانە کە دەیسەلمێنن کە لەئەنجامی زێدە هاوردەکردنی بێ پاساوی کاڵایەک زیانیان پێ کەوتووە بەهۆی ئەم زێدە هاوردەکردنەوە .

**دووەم** : وەسفێکی ووردی کاڵای هاوردەکراو و کاڵای بەرهەمهێنراوی خۆماڵی وە بەندو پێناسەی گومرگی بگرێتەخۆ بە پێ ی یاساو تعریفەی گومرگی کارپێکراو و بە دیاریکراویش بۆ بڕو بەهای بەرهەمی خۆماڵی .

**سێیەم** : ناوی داواکاران لە بەرهەمهێنەرە خۆماڵیەکان کاڵاکە و بڕو بەهای بەرهەمهێنانیان سەبارەت بە سەرجەمی بەرهەمهێنانی خۆماڵی لەو کاڵایە وە بەشی هەریەکەیان

**چوارەم** : بڕی هاوردەکراوی کاڵاکەو بەهاکەی لەهەر وڵاتێکی هەناردەکارەوە لە سێ ساڵی پێش ساڵی داوا پێشکەش کردنەکە .

**پێنجەم** : دیاریکردنی بڕەکانی زیادە لە کاڵای هاوردەکراو جا ئیتر ڕەها بێ یا ڕێژەیی بە بەراورد لەگەڵ بەرهەمهێنانی خۆماڵی کاڵاکە .

**ماددەی (٢٤):**

ئەگەر لایەنی تایبەتمەند بۆی دەرکەوت ڕاستیەکانی ئەو داواکاریەی کە بە دەق لە ماددەی (٢٣)ی ئەم ڕێنماییانەدا هاتووە بەس نین بۆ لێکۆلینەوە و هەڵسەنگاندنی دەبێ لە ماوەیەکدا کە لە (١٠) ڕۆژ زیاتر نەبێ لە ڕۆژی وەرگرتنی داواکەوە ئاگاداری داواکاران بکا لە ماوەیەکدا کەلە (٣٠) سی ڕۆژ زیاتر نەبێ وە شیاوە کە یەک جار و بۆ هەمان ماوە درێژکردنەوە بەپێی داوای خۆیان تەواو بکەن بە پێچەوانەوە وەزیر بۆی هەیە داواکە هەڵپەسێرێ .

## بەندی پێنجەم
## دیاریکردنی زیانەکان

**ماددەی (٢٥):**

لایەنی پەیوەندیدار ئەو زیانە ماددییە کە بە ڕاستی لە بەرهەمهێنەرە خۆماڵیەکان کەوتووە بە هۆی نوقمکردن یا پاڵپشتیکردن پشت بەستوو بە لێکۆڵینەوەی ئەنجامدراوی خۆی دیاری دەکا بە ڕەچاو کردنی ئەم خاڵانەی خوارەوە: -

**یەکەم:** هەبوونی زیادە لەبڕی کاڵای هاوردەکراوی نوقمکراو یان پاڵپشتیکراو چ بە شێوەیەکی ڕەها بێ بە بەراورد بە ساڵانی پێشووتر یان بەپێی بەرهەمهێنان یان بەکاربردنی خۆماڵی وە کاریگەری ئەم کاڵا هاوردەکراوانە لەسەر بەرهەمی خۆماڵی هاوشێوە لەبازاری ناوخۆ بەجۆرێک بە نرخێکی کەمتر لە نرخی بەرهەمی هاوشێوەی بەرهەمی خۆماڵیە و بە جیاوازیەک خرابێتە بازاڕەوە و بە شێوەیەکی سەرەکی بووبێتە هۆی دابەزاندنی نرخی بەرهەمی خۆماڵی هاوشیوەی یان ڕێگری لە زیادبوونی نرخی ئەگەر ئەم کاڵا هاوردەکراوانە نەبوونایە.

**دووەم:** هەڵسەنگاندنی ئەم هێما و هۆکارە ئابوورییانەی لای خوارەوە کە پەیوەستن بە بارودۆخی بەرهەمهێنەرە خۆماڵیەکانەوە بۆ ئاگاداربوون لە ڕادەی کاریگەری کاڵای هاوردەکراوی نوقمکراو یا پاڵپشتیکراو لە سەریان :-

أ/ کەم بوونەوەیەکی ڕاستەقینە یا پێشبینیکراو لەفرۆشتنی بەرهەمی هاوشێوەی خۆماڵی لە قازانج یان بەرهەم یان پشکی لە بازار یا دەسکەوتی وەبەرهێنان (حصةالسوق او الانتاجیة) یان بەکارهێنانی تەواوی (استغلال الطاقة الانتاجیة) توانای بەرهەمهێنان .

ب/ کاریگەری نەرێنی ڕاستەقینە یا پێشبینیکراو لەسەر ووردبینی دراوی عەمبارکراو و هێزی کار و کرێ و گەشەکردن و توانایی پەلکێشکردنی سەرمایە یان وەبەرهێنان .

ج/ هۆکارە کاریگەرەکان لەسەر نرخی خۆماڵی .

د/ هەر ئاماژەیەک یا هۆکارێکی تری ئابووری کەببێتە هۆی زیان لێ کەوتن .

**ماددەی (٢٦):**

کاریگەری کاڵای هاوردەکراوی نوقمکراو یان پاڵپشتیکراو لەسەر بەرهەمهێنەرە خۆماڵیەکان بەپێی زانیاری تایبەت بە بەرهەمهێنانی بەرهەمی هاوشێوەی بەرهەمهێنی خۆماڵی هەڵدەسەنگێنرێ ئەگەر ئەم زانیاریانە بەردەست نەبوو هەڵسەنگاندنەکە بەپێی زانیاری تایبەت بە بەرهەمهێنانی نزیکترین لەو بەرهەمانە کە زانیاری پێویستیان بەردەستە و بەرهەمە هاوشێوە خۆماڵیەکانیش سەر بەو بەرهەمەن .

**ماددەی (٢٧):**

**یەکەم:** لایەنی پەیوەندار لە لێکۆلینەوەی ئەگەری تووش بوونی بەرهەمهێنەرە خۆماڵیەکان بە زیان پشت بەم ئاماژانەی لای خوارەوە دەبەستن :-

أ/ هەر هۆکارێک کەنیشانی بدات بۆ هەبوونێکی زۆری هاوردەکراوی نوقمکراو یان پاڵپشتیکراو بەم شێوەیەی خوارەوە : -

١- هەر زیادەیەکی تێبینیکراو لە تێکڕای هاوردەکراو .

٢- هەبوونی توانایەکی بەکار نەهێنراوی بەرهەمهێنان لە وڵاتی هاوردەکار یان هەبوونی بڕێکی زۆری کۆگاکراوی کاڵاکە لەوڵاتەکەداو نەبوونی بازاڕی هەناردەکردنی تری پێویست بۆ لەخۆگرتنی هەناردە

٣- هەبوونی ڕێکەوتن بۆ هەناردەکردنی کاڵای نوقمکراو یا پاڵپشتیکراو بۆ هەرێم لە داهاتوودا .

٤- ئەگەری زیاد بوونی داواکاری لەسەر بەرهەمی نوقمکراو یان پاڵپشتیکراو بە هۆی دابەزینی نرخەکەیەوە بە بەراورد لەگەڵ نرخی بەرهەمی هاوشێوەی خۆماڵی .

ب/ زیاد بوونی کۆگاکراوی بەرهەمی نوقمکراو یان پاڵپشتیکراوی هاوردەکراو بۆ هەرێم .

**دووەم:** بەدیهاتنی هەر یەکێک لە ئاماژە دیاریکراوەکانی ناو دەقی بەندی یەکەمی ئەم ماددەیە بۆ ئەگەری زیان لێ کەوتن ئەگەر لایەنی تایبەتمەند ڕێو شوێنی گونجاو نەگرێتەبەر.

**ماددەی (٢٨):**

لایەنی پەیوەندار پێویستە لەوە بکۆڵێتەوە کە کاریگەری کاڵای هاوردەکراوی نوقمکراو یان پاڵپشتیکراو بۆتە هۆی زیان گەیاندن بە بەرهەمهێنەرە خۆماڵیەکان وە لە بەرچاوگرتنی بە شێوەیەکی تایبەت و هەبوونی زیادەیەکی جێی بایەخ پێدراو لە کاڵای هاوردەکراوی نوقمکراو یا پاڵپشتیکراو جا ئەم زێدەییە بە شێوەیەکی ڕەها یان ڕێژەیی بێ بە بەراوردکردن بە بەرهەمهێنەر یا بەکاربەر لە هەرێمدا و کاریگەریی لەسەر نرخ و بڕی پەڕاوێزی نوقمکردن.

**ماددەی (٢٩):**

لایەنی پەیوەندار لەبەرچاوی دەگرێ کاتی هەڵسنگاندنی پەیوەندی هۆکاری هەر هۆکارێکی دیکەی جگە لە کاڵای هاوردەکراوی نوقمکراو یان پاڵپشتیکراو کە بۆتە هۆی یا دەبێتە هۆی ئەم زیانە.

**ماددەی (٣٠):**

**یەکەم**: لایەنی پەیوەندار هەڵسەنگاندن دەکات بۆ کۆی زیانەکان کە لە ئەنجامی هاوردەکردنی کاڵایەک لە دەوڵەتێک زیاتر زیانی ئەبێت بۆ هەریەکە لەم دۆخانەی لای خوارەوە:-

أ/ پەڕاوێزی نوقمکردن لە هەموو دەوڵەتێکدا زیاتر بێت لە (٢%) لە سەدا دووی نرخی کاڵای هەناردەکراو لەکاتی نوقمکردندا .

ب/ بڕی پاڵپشتیکردنی کاڵای هاوردەکراو لە (١%) لە سەدا یەکی بەهای کاڵاکە کەمتر نەبێ.

ج/ بڕی کاڵایەکی هاوردەکراو لە هەر دەوڵەتێکەوە کەمتر نەبێ لە(٣%) لە سەدا سێ کۆی کاڵای هاوردە کراو بۆ هەرێم لە هەمان کاڵا.

د/ کۆی بڕی کاڵایەک کە هەندێ ووڵات هەناردەی دەکەن ئەگەر لە لێکۆڵینەوەدا زیاتر بوو لە ( ٧%)ی کۆی هاوردەکراو بۆ ناو هەرێم وە ئەگەر پشکی هەر ووڵاتێک لە هەناردەکردنی کەمتر بوو لە (٣%) سەدا سێی کۆی هاوردەکردنی هەرێم بۆ هەمان کاڵا .

هـ/ هەل و مەرجی ململانێی نێوان بەرهەمی هاوردەکراو و بەرهەمی هاوشێوەی خۆماڵی گونجاو بۆ بەجێهێنانی هەڵسەنگاندنی کاڵای هاوردەکراو بەشێوەیەکی کەڵەکە بوو .

و/ هەبوونی ڕێگریەکی ماددی بۆ دامەزراندنی پیشەسازییەکی خۆماڵی بۆ بەرهەمهێنانی بەرهەمی هاوشێوەی خۆماڵی بە لەبەرچاو گرتنی ڕادەی توانای دامەزراندنی ئەم پیشەسازیە لە ماوەیەکی گونجاودا و بەردەوام بوون و گەشەکردنیشی بە مەرجێک ئەوە بەپێی ئاماژەکانی لێکۆلینەوەی کەڵکی ئابووری و قەرزی مۆرکراو(القروض المبرمة) یان ئەوەی کە مۆر دەکرێ وگرێبەستەکانی کڕینی کەرەستەو سەرمایەی پێویست بۆ دامەزراندنی پرۆژەی نوێی وەبەرهێنان یان فراوانکردنی چەند پرۆژەیەکی دامەزراو .

**دووەم**: لێکۆلینەوە دەست بەجێ و لە هەر قۆناغێکیدا بێت کۆتایی پێدێت ئەگەر بۆ لایەنی پەیوەندار دەرکەوت بە نەبوونی هەر دۆخێک لە دۆخەکانی ئاماژە پێکراوی پێشوو.

**ماددەی (٣١):**

بەرهەمهێنە خۆماڵیەکان یان ئەوەی نوێنەرایەتیان دەکا وەک ژوورەکانی پیشەسازی و بازرگانی و یەکێتی و کۆمەڵەو سەندیکاکانی پەیوەندار و هەر لایەنێکی فەرمی سەرپەرشتی هەر کەرتێکی بەرهمهێنان بۆیان هەیە بە نووسراو داوا لە وەزیر بکەن بەرهەمەکانیان لە کاڵای هاوردەکراوی نوقمکراو یان پاڵپشتیکراو بپارێزێ بەپێی نموونەیەک کە لایەنی تایبەتمەند بۆ ئەم مەبەستە پێشنیاری دەکا و وەزیر پێی ڕەزامەند دەبێت .

**ماددەی (٣٢):**

داواکاری پاراستنی بەرهەم دەوڵەمەند دەکرێت بە بەڵگەو پشتگیری بەدی هاتنی نوقم بوون و یان پاڵپشتیکردن و زیان وە پەیوەندی هۆکاری لەنێوانیاندا بەجۆرێک کە زانیاری وداتاکانی خوارەوە لەخۆ بگرێت :-

**یەکەم**: دیاریکردنی بڕو بەهای بەرهەمهێنانی بەرهەمی هاوشێوە .

**دووەم**: وەسفێکی وردی هەرکاڵایەکی کە گوایە نوقمکراوە یان پاڵپشتیکراوە و بەرهەمی هاوشێوەی خۆماڵی بە (خەسڵەتە)تەکنیکیەکان و بەکارهێنانیەوە لەگەڵ دیاریکرنی وولاتی دروستکەر و وولاتی هەناردەکار بۆ هەرێم .

**سێیەم**: دیاریکردنی بەندی گومرگی کاڵا بەپێی یاسای پێناسەی گومرگی کارپێکراو.

**چوارەم**: هەر زانیارییەک سەبارەت بە بەرهەمهێنی کاڵای هاوردەکراوی نوقمکراو یان پاڵپشتیکراو و سەرچاوەکەی بۆ هەرێم وە ئەو کەسانەی کە هاوردەی دەکەن .

**پێنجەم**: هەر زانیاریەک سەبارەت بە نرخی کاڵای هەناردەکراو و بەهای ئاسایی لە باری نوقمکردندا وەک ئەمانەی خوارەوە :-

أ/ ئەو نرخە کە کاڵای هاوردەکراوی بۆ بەکارهێنان لەبازاڕی خۆجێی دەوڵەتە هەناردەکارەکەدا پێ دەفرۆشرێ .

ب/ ئەو نرخە کە کاڵاکەی لە دەوڵەتە کاڵا هەناردەکارەکە بۆ دەوڵەتێکی سێیەم ئەگەر ئەوە گونجاو بێ پێی دەفرۆشرێ .

ج/ نرخی هەناردەکردنی کاڵای کە گوایە – نوقمکراوە بۆ هەرێم وعێراق یان ئەو نرخەی کە کاڵاکەی بۆ یەکەم جار لێ دەفرۆشێ بە کڕیارێکی سەربەخۆ لە هەرێم وعێراق.

**شەشەم**: هەر زانیارییەک سەبارەت بە هەبوونی پاڵپشتیکردن و شێوە و قەوارەکەی و توانایی و ڕێو شوێنی گرتنەبەر لەدژی .

**حەوتەم**: هەر زانیارییەک سەبارەت بە زیادبوونی قەوارەی کاڵای هاوردەکراوی نوقمکراو یا پاڵپشتیکراو وکاریگەری ئەم زیادبوونە لەسەر نرخی بەرهەمی هاوشێوە لە بازاڕی خۆماڵیدا و بەرهەمهێنەرە خۆماڵیەکان بەپێی ئاماژەکانی کە لەدەقی ماددەی (٢٥)ی ئەم ڕێنماییانەدا هاتوون.

**هەشتەم**: داواکاریەک دەبێت پشتگیری کراوبێت لە لایەن بەرهەمهێنەرە ناوخۆییەکان کە کۆی توانای بەرهەمی کارگەکانیان زیاتر بێت لە ڕێژەی (٥٠ ٪)ی پێداویستی ناوخۆی هەرێم .

**نۆیەم**: داواکاری پاراستنی کاڵایەک ئەو کاڵایانە دەگرێتەوە کە لە هەرێم بەرهەمدەهێنرێن وە لایەنی کەم کەرەستەی خاوی ئەم کاڵایانە (٥٠ ٪)ی دەبێت لە ناوخۆی هەرێم بێت .

**دەیەم**: داواکاری پاراستنی بەرهەمی خۆماڵی دەبێت کارگەکانیان دەستی کاری خۆماڵی لە (٧٥٪)ی کەمتر نەبێت .

**یازدەیەم**: بەرهەمی کارگەکانیان بەپێی مواصفاتی عێراقی بێت ئەگەر مواصفاتی عێراقی نەبێت پێویستە بە مواصفاتە جیهانیەکان بێت .

**دوازدەیەم**: بەرهەمی کارگەکانیان کوالێتی بەرز بێت وە لەتاقیگە باوەڕ پێکراوەکانی هەرێم و عێراقدا دەرچووبێت .

**سێزدەیەم**: خاوەن کارگەکان بەڵێن دەدەن کە پابەندن بن بەنرخ و کوالتی بەرهەمی کارگەکانیان و ڕێنماییەکانی وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی و وەزارەتە پەیوەندارەکان .

**ماددەی (٣٣):**

ئەگەر زانیاری و ڕاستییەکانی ناو دەقی ماددەی (٣٢)ی ئەم ڕێنماییانە هەمووی یان بەشێکی نهێنی بوو بە وێنەیەک پێشکەش دەکرێ تا بە نهێنی بمێنێتەوە .

**ماددەی (٣٤):**

وەزیر بڕیاری دەست کردن بە لێکۆڵینەوە دەرناکات تائەوکاتەی لایەنی تایبەتمەند بۆی ڕوون دەبێتەوە کە بەرهەمهێنەرە خۆماڵیەکان زەرەرمەندن .

**ماددەی (٣٥):**

لایەنی تایبەتمەند بۆی هەیە لە هەڵسەنگاندنی ئاستی پشتگیری یا بەرهەڵستکاریدا پشت بە چەند نموونەیەکی ئامار (عينات احصائية) ببەستێ لەو دۆخانەدا کە ژمارەی بەرهەمهێنەرە خۆماڵیەکان تێیدا یەکجار زۆر دەبێ.

**ماددەی (٣٦):**

لایەنی تایبەتمەند لەکاتی هەڵسەنگاندنی ڕادەی دژایەتی ئەو بەرمهێنەرانە کە بەرهەمیان – گوایە – نوقمکراو یان پاڵپشیکراو لە دەرەوە دەهێنن هەڵاوێرد دەکات و بۆی هەیە بەرهەمهێنەرەکانی بەستراو بە هاوردەکار یان هەناردەکاری ئەو بەرهەمانە هەڵاوێرد بکات بەڕەچاو کردنی حکومەکانی ئەم ڕێنماییانە .

**ماددەی (٣٧):**

لایەنی تایبەتمەن پشت بە چەند کاتێک دەبەستێ بۆ لێکۆڵینەوە کە پێیان دەوترێ کاتەکانی تەرخانکراوی لێکۆڵینەوە ئەم کاتانەش دەبنە بنچینەی کۆکردنەوە و شیکردنەوەی زانیاری پەیوەندیدار بەهەبوونی نوقمکردن یان پاڵپشتیکردن و ئەو زیانانەی کە لێیەوە پەیدا دەبن .

**ماددەی (٣٨):**

لایەنــی تایبەتمەنــد لە کــاتی لێکــۆڵینەوەدا پەراوێزێکــی نــوقمکردن بــۆ هەر بەرهەمێــک یــان سەرچاوەیەکی ناسراو لە لای کە دیاری دەکات ئەگەر نەتوانرا بـۆی هەیە لێکـۆڵینەوە لە نمـوونەیەکی بەرهەمەکـانی کـاڵا کەو بـابەتی لێکۆڵینەوەن بەپێـی زانیـاری بەردەسـتی لای خـۆی لەو کـاتەدا یـان لێکۆڵینەوە لە ڕێژەیەکی کاڵای هەناردەکراوی دەوڵەتێکی دەست نیشانکراو بکات.

**ماددەی (٣٩):**

**یەکەم:** لایەنی تایبەتمەند بە نووسراوی فەرمی ڕاستەخۆ یان بەپۆسـتی تۆمـارکراو یـا هەر ڕێگـایەکی دیکە کە لە دەقی یاساکاندا هەبن بەپێشکەشکەری داواکە یان لایەنەکانی پەیوەندار بەلێکۆڵینەوە ڕادەگەێنێ کە ئامادەبن و زانیاری تایبەت بە لێکۆڵینەوە بخەنە بەردەست ، (مەبەسـت لەلایەنـی پەیوەندار بە لێکۆڵینەوە لە کێشەکانی نوقمکردن یان پاڵپشتیکردن و بەرهەمهێن و هەناردەکار و هاوردەکـاری بەرهــــــەمەکە لە دەرەوە و هەر بەرهەمهێنێکـی خۆمـاڵی بەرهەمێکـی هاوتـا و هاوشێوە یا هەر پێکهاتەیەکی زۆربەی ئەندامەکانی لە بەرهەمهێنە خۆماڵیەکان یا هاوردەکار یان هەناردەکاری ئەو بەرهەمە و حکومەتی دەوڵەتە هەناردەکارەکە بێ ) .

**دووەم:**

أ/ لایەنی تایبەتمەند لە ووردی زانیارییە گۆڕاوەکانی بەردەستی لایەنە پەیوەنـدارەکان یـا ئەوانە کە لە ئەنجامەکانیــدا پشــتیان پــێ دەبەســتێ دەکــۆڵێتەوە، و بــۆی هەیە داوای هەر زانیــاری و ڕوونکردنەوەی دیکە بۆ ئەم مەبەستە دیاریی دەکا بکات .

ب/ لایەنی تایبەتمەند بۆی هەیە ماوەی دیاریکراو بۆ زانیاری یان ڕوونکردنەوە بۆ خستنە بەردەست درێژ بکاتەوە بۆ لایەنەکانی بایەخدراو بەلێکۆڵینەوە بەپێی داوایەک کە لایەنی پەیوەندیدار هۆ و پاساوەکانی درێژکردنەوەی تێدا باس بکات .

**ماددەی (٤٠):**

**یەکەم:** لایەنـی تایبەتمەنـد بـۆی هەیە داوای ڕوونکـردنەوە لە لایەنەکـانی پەیوەندیـدار بە لێکـۆڵینەوە بکات وە دەبێت لەم ماوانەی لای خوارەوە وەڵام بدەنەوە :-

أ/(٣٠) ڕۆژ لە ڕۆژی وەرگرتنەوە ئەگەر لایەنە پەیوەندارەکان خۆمـاڵی بـوون و دەشـێ ئەم مـاوەیە وا درێژبکرێتەوە کە لە (٤٥) ڕۆژ زیاتر نەبێ ئەگەر هۆی درێژکردنەوە کە پاساوێکی هەبێ .

ب/ (٤٥) ڕۆژ لە ڕۆژی وەرگرتنەوە ئەگەر لایەنی پەیوەندارەکان بیانی بـوون و دەشـێ ئەم مـاوەیە وا درێژ بکرێتەوە لە ( ٦٠ ) ڕۆژ زیاتر نەبێ ئەگەر هۆی درێژکردنەوە کە پاساوێکی هەبێ.

**دووەم:** ڕوونکردنەوەکان وا دادەنرێ وەرگیراوە لە لایەنی پەیوەنـدار پـاش تێپەڕینـی (٧) ڕۆژ لە ڕۆژی نـاردنی بە پۆسـتی تۆمـارکراودا بـۆ لایەنـی پەیوەنـدار یـان نـوێنەری متمـانە پێکـراوی وواڵتـی هەناردەکار لە هەرێم .

**ماددەی (٤١):** لایەنی تایبەتمەند بۆی هەیە ئەمانەی لای خوارەوە بۆ لایەنەکانی پەیوەندار بە لێکۆڵینەوە بڕەخسێنێ :-

**یەکەم:** بینینی هەر زانیاریەک کەنهێنی نەبێت لە فایلی لێکۆڵینەوەکەدا هەبێ .

**دووەم:** پێشکەش کردنی هەر بەڵگەیەکی بەردەست و گونجاو بۆ لێکۆڵینەوە بەشێوەی نووسراو لە ماوەیەکدا کە لایەنی تایبەتمەند دیاری دەکات .

**سێیەم:** سازکردنی چاوپێکەوتنی ڕاستەوخۆی نێوان لایەکانی پەیوەندیداری لێکۆلێنەوە لەسەر داوای لایەنێک و بە سەرپەرشتی لایەنی تایبەتمەند بۆ بیستنی بیروڕا و بەهانەکان و پێشکەش کردنی زانیاری بە شێوەیەکی زارەکی بەمەرجێک بەشێوەی نووسراو جێگیر بکرێ لەدوایدا کە لەکاتی ئامادەنەبوونی هەرلایەنێکی دیاری کراو لەم چاوپێکەوتنانە بەرپرسیاریەتی نەکەوێتە ئەستۆ .

**چوارەم:** ڕەخساندنی هەل بۆ لایەنی پەیوەندار لە پیشەکاران ئەوانەی لە پیشەکانیاندا کاڵای هاوردەکراو بەکاردەهێنن کە بابەتی لێکۆڵینەوەیە , ڕێکخراوەکان ,یەکێتیەکان ,بەکارهێنەری کاڵا یان نوێنەرەکانیان بۆ پێشکەشکردنی هەر زانیاریەک یان بیروڕایەک کە پەیوەندی بە لێکۆڵینەکەوە هەبێت .

**ماددەی (٤٢):**

لایەنی تایبەتمەند بۆی هەیە بۆ لێکۆلێنەوە لەو زانیاریانەی کەپێشکەشی کراون یان بۆ وەرگرتنی زانیاری زیاتر کە لێکۆلینەوە لە کۆمپانیا و دەزگاکانی دەرەوەی هەرێم بکات بەمەرجێک لە ڕووی بنەماوە ڕەزامەندی ئەوان و دەوڵەتی پەیوەندیداریش وەربگرێ .

**ماددەی (٤٣):**

ئەگەر هەرلایەنەکی دیاری کراو بە لێکۆڵینەوە بووە هۆی ڕێگری بۆ ئەم لێکۆلینەوەیە وەک ڕێگرتن لە بە ئەنجام گەیشتنی یان بەردەست خستنی زانیاری و داتایی داواکراو لە ماوەی دیاریکراودا لایەنی تایبەتمەند بۆی هەیە پشت بە زانیارییەکانی بەردەستی خۆی ببەستێ بۆ تەواوکردنی ڕێو شوێنەکانی لێکۆڵینەوە وە دەرکردنی ڕاسپاردەکانی خۆی .

**ماددەی (٤٤):**

لایەنی تایبەتمەند لێی قەدەغەکراوە ئەو زانیاری یان ڕوونکردنەوانە کە لایەنی پەیوەندیدار دەیانخاتە بەردەست بخاتەڕوو تەنها بەڕەزامەندی خۆی نەبێ بەمەرجێک داوایەک پێشکەش بکا کە نهێنیە وە ئەو هۆیانەی تێدا ڕوون بکاتەوە کە دەشێ نهێنی بێ .

**ماددەی (٤٥):**

**یەکەم:** لایەنی تایبەتمەند بڕیارێکی سەرەتایی سەبارەت بە بوون یا نەبوونی نوقمکردن یاپاڵپشتیکردن و زیان و پەیوەندی هۆکاری بەپێی حکومەکانی یاسا دەردەکات .

**دووەم:** ئەگەر بڕیاری سەرەتایی درا کە نوقمکردن یان پاڵپشتکردن یان زیان یان پەیوەندی هۆکاری لە ئارادا نیە وەزیر بۆی هەیە بڕیار بدات بە بەردەوام بوونی لێکۆڵینەوەکە یان کۆتایی پێ بهێنێت.

**سێیەم:**لایەنـی تایبەتمەنـد بڕیـاری سـەرەتایی لە ڕاگەیانـدا بـڵاو دەکـاتەوە بەپێـی حوکمەکـانی ئەم ڕێنماییانە.

**ماددەی (٤٦):**

**یەکەم:** وەزیـر بە پشـت بەسـتن بە ڕاسـپاردەی لایەنـی تایبەتمەنـد بڕیـار دەدا بەکۆتـایی هێنـان بە لێکۆڵینەوە لە هەر قۆناغێک لە قۆناغەکانیدا بەنهێنی پاش دەرچوونی بڕیاری سەرەتایی ئەویش لەم دۆخانەی لای خوارەوەدا :-

أ/ ئەگەر بەڵـگە بەردەسـت خراوەکـانی سـەبارەت بە بـوونی کـاری زیـانبەخش یـا جـۆری زیـان لـێ کەوتنەکە بەس نەبێ بۆ درێژەپێدانی لێکۆڵینەوە .

ب/ ئەگەر داواکە کێشرایەوە بەپێی حوکمەکانی یاسا.

ج/ ئەگەر لایەنی تایبەتمەند بۆی دەرکەوت بـڕی پەراوێـزی نـوقمکردن لە (٢%) لەسـەدا دووی نرخـی کاڵا هەناردەکراوەکە کەمتر بـوو ،وە بـڕی پاڵپشـتیکردنەکە لە (١%) لەسـەدا یەک کەمتربـوو یـان هیچ زیانێکیان لێ نەکەوتبووە .

د/ ئەگەر هیچ دۆخێکی بە دەق دیاریکراوی ناو ئەم ڕێنماییانە بەدی نەهات.

**دووەم:** کۆتایی پێ هێنانی لێکۆڵینەوە لە هەردوو دۆخی نوقمکردن یا پاڵپشتیکردن کاڵای هەنـاردەکراو یا کـاڵای هـاوردەکراو یـا ئەو وووڵاتـــەی کە حکومەکـانی نـاو دەقـی بڕگەکـانی (أ) و(ج) و (د)ی بەندی (یەکەم)ی بەسەردا جێبەجێ دەبێ کورت دەکرێتەوە وە هیچ هەناردەکار یا هاوردەکار یـا دەوڵەتێکی دیکە ناگرێتەوە .

**ماددەی (٤٧):**

**یەکەم:** ئەگەر وەزیر بڕیارێکی سەرەتایی دا کە نوقمکردن یان پاڵپشـتیکردن بەدی هـاتووە بـۆی هەیە هەموو بەڵێننامەکانی پەیوەندیدار بە نـرخە بەرچـاو خراوەکـانی هەناردەکـار یـان هاوردەکـار یـا دەوڵەتی پاڵپشتیکردنەکە قبوڵ بکات .

**دووەم:** وەزیر بۆی هەیە بەڵێننامەکانی پەیوەست بە نرخ قبوڵ نەکات پشت بەستوو بە ڕاسپاردەیەکی هۆکارانەی لایەنی تایبەتمەندی پەیوەندیدار.

**سێیەم:**وەزیر بۆی هەیە پشت بە ستوو بە ڕاسپاردەی لایەنی تایبەتمەند لێکۆڵینەوە ڕابگرێ یان لەکاتی پەسندکردنی بەڵێننامەی بە دەق دیاریکراوی ناو بەندی (یەکەم)ی ئەم ماددەیە کۆتایی پێ بێنێ

**ماددەی (٤٨):**

لایەنی تایبەتمەند بۆی هەیە هەناردەکار یا هاوردەکار بەڵێنامەی پەیوەندیـدار بەنرخـی لـێ قبـووڵ بکـات نـاو بەنـاو زانیـاری سـەبارەت بە بەڵێننـامەی خـۆی لێـوەربگرێ و ڕێ بە لایەنـی تایبەتمەنـدیش دەدرێ لە ڕوونکردنەوەی پەیوەندیدار بکۆڵێتەوە و دەچێتە چوارچێـوەی حوکمەکـانی نهێنـی بـوونی زانیارییەکانی بە دەق لەم ڕێنماییانەدا دیاری کراون لەکاتێکدا داوای ئەوە بکرێ .

**ماددەی (٤٩):**

بەڵێننامەی ناو دەقی بەندی (یەکەم)ی ماددەی (٤٧)ی ئەم ڕێنماییانە هەڵدەوشێندرێتەوە ئەگەر وەزیر بڕیاری دا نوقمکردن یان پاڵپشتیکردن یان زیانی ئەنجامی هەردووکیان لە ئارادا نیە ئەگەر بڕیاری نەدا ئەم بەڵێننامەیە بۆ ماوەیەکی دەست نیشانکراو و لەبەر چەند هۆیەک کە پاساوی هەبێت بمێنێتەوە .

**ماددەی (٥٠):**

وەزیر بۆی هەیە بەڵێننامە کۆتایی پێ بێنێ یا ڕای بگرێ ورێو شوێنی بەپەلە پشت بەستوو بە زانیاری بەردەست بگرێتە بەر لەکاتێکدا سەرپێچی لەهەر بەڵێننامەیەکی پەیوەندیدار بە نرخەوە کرا .

**ماددەی (٥١):**

وەزیر بۆی هەیە دەستکاری (تعدیل)ی ئەو بەڵێننامەیەی کە تایبەتە بە نرخ کە بەڵێننامەدەر پێشکەشی دەکات پەسند بکا وە حوکمەکانی هەردوو ماددەی (٥٧) و (٥٨) ئەم ڕێنماییانەیش لە بەرچاو بگرێ .

**ماددەی (٥٢):**

**یەکەم**:ئەگەر لایەنی تایبەتمەند بە بڕیارێکی سەرەتایی بۆی ڕوون بووەوە بەهەبوونی کاری زیانبەخشی لە هەردوو دۆخی نوقمکردن یان پاڵپشتیکردن وەزیر بۆی هەیە ڕێو شوێنی بەپەلە بە سەپاندنی ڕەسمێکی زیادەی گومرگی کە هاوتای پەڕاوێزی نوقمکردن یان بڕی پاڵپشتیکردنەکە بێ و هەناردەکار و یان هاوردەکار و بەرهەمهێنەرەکانیش پابەند بکا بە بارمتە یا کەفالەتنامەی گەرەنتیکراو بۆ حیسابی دەستەی گشتی گومرگ .

**دووەم**: ئەمانەی لای خوارەوە مەرجن لەو بارمتە یان کەفالەتنامە گەرەنتیکراوانەدا هەبێ کە بەدەق لە (بەندی یەکەم)ی ئەم ماددەیەدا هاتووە :-

أ/ بەهاکەی هاوتای پەڕاوێزی نوقمکردن یان بڕی پاڵپشتیکردن بێ بەپێی بارودۆخەکە .

ب/ کۆتای پێهێنانی ڕێو شوێنی بە پەلە لە ڕۆژی سەپاندنی ڕێوشوێنی کۆتایی .

**سێیەم** :

أ/ بەمەبەستی دیاری کردنی بڕی پەراوێزی نوقمکردن یان بڕی پاڵپشتیکردن بەپێی زانیاری بەردەستی لایەنی تایبەتمەند دەبێت لەکاتی خەملاندن دا کە دەخەملێندرێ وە بۆ دیاریکردنی بەهای بارمتە یان (کەفالەتنامەی گەرەنتیکراو) کەئاماژە پێکراوە لەبەندی (یەکەم)ی ئەم ماددەیە دا

ب/ لایەنی تایبەتمەند خەملاندنی بڕی پەراوێزی نوقمکردن یان بڕی پاڵپشتیکردن دووبارە دەکاتەوە ئەگەر زانیاری وای دەست کەوت کەپێویست بە زیادکردنی هەریەکێکیان بکات

**چوارەم**: لایەنی تایبەتمەند بە داواکاری ڕادەگەێنێ کە ڕێو شوێنی پەلە بگرێتەبەر وە بڵاوکردنەوەی لە دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەدا لە سەر ئەستۆی خۆی لە ماوەی (٧) ڕۆژدا لە ڕۆژی گرتنەبەری ڕێو شوێنەکان وە بۆی هەیە کرێی بڵاوکردنەوە ڕاستەوخۆ لە داواکار وەربگرێ .

**ماددەی (٥٣):**

**یەکەم:** ڕەسمی نەهێشتنی نوقمکردن یان ڕەسمی قەرەبووکردنەوە ئەو بڕە لەخۆدەگرێ هەناردەکار یان هاوردەکار کە بڕیاری لێ دەدرێ کاڵا هێنراوەکانیان بەبێ جیاوازی زیان دەگەیێنێ جگە لە کاڵاهێنراوەکانی ئەو سەرچاوانەی کەبەڵێننامەی قبوڵکراوی پەیوەندیدار بەنرخیان لێوەرگیراوە .

**دووەم:** لایەنی تایبەتمەند ناوی هەناردەکار و هاوردەکاری کاڵایەکی دیاریکراو لە وانەی کە ساغ بۆتەوە دەستیان هەبووە لە نوقمکردن یان پاڵپشتیکردن دەداتەوە دەستەی گشتی گومرگ تا بە دیاریکراوی ڕەسمیان لێ بگرێ .

**ماددەی (٥٤):**

وەزیر بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزیری داراییدا پشت بەستوو بە پێشنیاری لایەنی تایبەتمەند لیژنەیەکی (٥) پێنج ئەندامی پێک دەهێنێ بە سەرۆکایەتی نوێنەرێکی لایەنی تایبەتمەند ونوێنەرێکی تری هەمان لایەن وە ئەندامیەتی نوێنەرانی فەرمانگەی یاسایی و چاودێری ناوخۆی وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی و نوێنەری دەستەی گشتی گومرگیش ئەندامی دەبێ کە ئەرکی چاوپێداخشاندنەوەیە  بە داوای گێڕانەوەی ئەو ڕەسمانەیە کە بە زیادەوە دراوە لە پەڕاوێزی نوقمکردنکردن یان پاڵپشتیکردن لە لایەن هاوردەکارێک بۆ ئەو کاڵایەی کە ملکەچی ئەو ڕەسمانە بێت وە پاڵپشتی کراو بێت  بەڵگەی  سەلمێندراو لیژنەش پێویستە  ڕاسپاردەکانی خۆی لە ماوەیەکدا کە لە (١٨٠) سەدو هەشتا ڕۆژ زیاتر  نەبێ لە ڕۆژی داوای گێڕانەوەکە پێشکەش بە وەزیر بکات.

**ماددەی (٥٥):**

لایەنی تایبەتمەند پێداچونەوە دەکات بەخێرایی بۆ دیاریکردنی پەڕاوێزی  نوقمکردنێکی تاکەتاکە یا ڕەسمی قەرەبووکردنەوەی ئەو هەناردەکارە یان هاوردەکارە تازانەدا کە کاڵای ملکەچی ڕەسمی نەهێشتنی نوقمکردن یان ڕەسمی قەرەبوو کردنەوەیان لە وولاتی هەناردەکاری دیاری کراوی کاڵایان هەناردەی هەرێم نەکردووە لە ماوەی دیاریکراوی لێکۆلینەوە دا وە کاتی خۆی ملکەچی لێکۆلینەوە نەبوون وبیسەلمێنن پەیوەندییان بەهیچ یەکێک لەو هەناردەکاریان هاوردەکارانەوە نیە کە لێکۆلینەوەکە پەیوەندی پێیانەوە هەیە وکاڵاکانیان ملکەچی ڕەسمی  نوقمکردن یان ڕەسمی قەرەبووکردنەوەن .

**ماددەی (٥٦):**

**یەکەم:**  هیچ ڕەسمێکی نەهێشتنی نوقمکردن یا ڕەسمی قەرەبووکردنەوە بەسەر کاڵای هەناردەکراو یان هاوردەکراودا نەسەپێندرێ  کە لە ماوەی پێداچوونەوە دا کە بە دەق لە ماددەی (٥٥)ی ئەم ڕێنماییانەدا هاتوون .

**دووەم:** وەزیر بۆی هەیە هەڵسەنگاندنی لایەنی تایبەتمەند سەبارەت بە هەناردەکار یان هاوردەکاری تازە کە لە دەقی ماددەی (٥٥)ی ئەم ڕێنماییانەدا هاتوون ڕابگرێ  یان داوای پێشکەشکردنی گەرەنتی کردنی پێویست بکات بۆ بەدەستهێنانی گەڕانەوەی ڕەسم بۆ بەرواری دەسپێکی پێداچوونەوەکە (باثر رجعي) کاریگەری پێشوو تا ڕۆژی دەست پێ کردنی پێداچوونەوە  ئەگەر لە ئەنجامی پێداچوونەوە وە بڕیارێک درا بیسەلمێنێ  ئەو هەناردەکار یان هاوردەکارانە دەستیان لەنوقمکردن یان پاڵپشتیکردن هەیە .

**ماددەی (٥٧):**

ڕەسمی نوقمکردن یان ڕەسمی قەرەبووکردنەوە بە بڕ و ماوەی پێویستی بەرەنگار بوونەوەی نوقمکردنی یان پاڵپشتیکردنی هۆکاری زیان دەسەپێندرێ .

**ماددەی (٥٨):**

**یەکەم:** لایەنی تایبەتمەند خۆ بە خۆ یا لەسەر داوای لایەنی پەیوەندیداری لێکۆلینەوە لە هەردوو دۆخی نوقمکردن یان پاڵپشتیکردن بە ڕادەی پێویست بۆ درێژەپێدانی سەپاندنی ڕەسمی نەهێشتنی نوقمکردن یان قەربووکردنەوەدا دەچێتەوە ئەگەر هۆکار و پاساو بۆ ئەوە هەبێ .

**دووەم:** ئەگەر لایەنی تایبەتمەند هۆ و پاساوی درێژەپێدانی سەپاندنی ڕەسمی نەهێشتنی نوقمکردن یان ڕەسمی قەربوو کردنەوەی لە ئەنجامی پێداچوونەوەدا نەدۆزییەوە کۆتایی بە سەپاندنیان دەهێنێ .

**ماددەی (٥٩):**

**یەکەم:** ڕەسمی نەهێشتنی نوقمکردنی یان ڕەسمی قەربووکردنەوە بۆ ماوەیەک دەسەپێندرێ لە (٥) ساڵ زیاتر نەبێ لە ڕۆژی سەپاندنیەوە ئەگەر ئەنجامی پێداچوونەوە نەیسەلمێنێ چەند هۆیەک هەن پاساوی درێژەپێدانی سەپاندنی دەدەنەوە وەک دووبارە بوونەوەی نوقمکردن یان پاڵپشتیکردنی .

**دووەم:** داوای پێداچوونەوە لە ماوەیەکدا پێشکەش دەکرێ کە لە (٦٠) ڕۆژ کەمتر نەبێ پێش کۆتایی هاتنی ماوەی دیاریکراوی سەپاندنی ڕەسمی نەهێشتنی نوقمکردنی یان ڕەسمی قەربووکردنەوە.

**سێیەم:** لایەنی تایبەتمەند لەکاتی پێداچوونەوەی لێکۆلینەوەی بڕیار لێدراو بەپێی یاسا بەجێ دەگەیەنێ لە ماوەیەکدا لە (ساڵێک) زیاتر نەبێ لەڕۆژی پێشکەشکردنی داوای بەجێ گەیاندنیەوە یا بڕیاردان لەسەر بەجێ گەیاندنی .

**ماددەی (٦٠):**

**یەکەم:** ڕەسمی نەهێشتنی نوقمکردن و ڕەسمی قەرەبوو کردنەوە لە ڕۆژی گرتنەبەری ڕێوشوێنی بە پەلەوە دەسەپێندرێ ئەگەر یەکێک لەم دوو دۆخەی لای خوارەوە بەدی هات:-

أ/ بەکردەوە زیان کەوتبێ وەک ڕێگریەکی ماددی بۆ دامەزراندنی پیشەسازییەکی خۆماڵی .

ب/ ئەگەری پەیدابوونی زیان لێکەوتن بەڵام ساغ بووەوە کە نەگرتنەبەری ڕێوشوێنی بەپەلە ئەبێتە هۆی زیان لێکەوتن بە کرداری .

**دووەم:** وەزیر پشت بەستوو بەڕاسپاردەی لایەنی تایبەتمەند جیاوازییەکانی ئەنجامی هەردوو باری (زیادکردن یا کەمکردن)ی نێوان (ڕەسمی نەهێشتنی نوقمکردن یان ڕەسمی قەربوو کردنەوە)وە نێوان ئەوەی کە شایستەیە یان ئەوەی بەکردەوە دراوە بەهەر شێوەیەکی وەک کەفالەتنامە یا بیمەی پێشکەشکراو لە ماوەی ڕێو شوێنی بە پەلەدا پێ یەکلای دەکاتەوە .

**ماددەی (٦١):**
ڕێـو شـوێنی پەلە و ڕەسـمی نەهێشـتنی نـوقمکردن و ڕەسـمی قەرەبـووکردنەوە بەسـەر کـاڵای هاوردەکراودا جێبەجێ دەکرێ پاش دەستپێکی بەڕێوەچـوونی ئەو بڕیـارانەی کە بۆ سـەپاندنی ئەم ڕەسمانە دراون جگە لەوەی کە لە ماددەی (٦٠)ی ئەم ڕێنماییانەدا هاتووە .

**ماددەی (٦٢):**
**یەکەم:** ڕەسمێکی کۆتایی بۆنەهێشتنی نوقمکردن بەسەر کاڵای هـاوردەکراو دەسـەپێندرێ پـاش ڕۆژی دەست پێکردنی لێکۆڵینەوە .
**دووەم:** ڕەسمی نەهێشتنی نوقمکردن بەسەر کاڵای هاوردەکراودا دەسەپێندرێ لە ڕۆژی سـەرپێچکردن بەو بەڵێننانەی کە بە دەق لە ماددەی (٥)ی یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢١ دا هاتووە .
**سێیەم:** ڕەسمێکی قەرەبووکردنەوە بەسەر کاڵای هاوردەکراودا دەسەپێندرێ لە ڕۆژی دەست پێکردنی لێکۆڵینەوەوە .

**ماددەی (٦٣):**لایەنی تایبەتمەند ئەم ڕێو شوێنانەی لای خوارەوە سەبارەت بەئاگاداری گشتی ڕەچاو دەکا :-
**یەکەم:** بڵاوکردنەوە ی ئاگاداری لە دوو ڕۆژنامەی خۆماڵی ڕۆژانەدا لەسەر خەرجی داواکار .
**دووەم:**ناردنی وێنەیەک لە ئاگادارییەکان بۆ لایەنە پەیوەندیدارەکانی لێکۆڵینەوە کە ناسراون لەلای ئەو
**سێیەم:** ئامـاژەدان لە ئاگادارییەکانـدا بەوەی کە لایەنە پەیوەنەیـدارەکان دەتـوانن کـاتی داواکـردن ڕاپۆرتێک بەدەست بهێنن هۆیەکانی ئەو بڕیارەی تیدابێ کە لە ناو ئاگادارییەکەدایە .

**ماددەی (٦٤):**
ئاگاداری گشتی بۆ دەست پێکردنی لێکـۆڵینەوە ئەم زانیارییـانەی لای خـوارەوە لەخـۆدەگرێ و هـیچ یەکێکیان بەپێی حوکمەکانی یاسا نهێنی نەبێ :-
**یەکەم:**ناوی دەوڵەت یان دەوڵەتانی هەناردەکاری کاڵای پەیوەندیدار بە لێکۆڵینەوە .
**دووەم:** ڕۆژی دەست پێکردنی لێکۆڵینەوە .
**سێیەم:** بنچینەی هاتوو لە داواکەدا بە هەبوونی نوقمکردن.
**چوارەم:** پوختەی ئەو هۆ و بەڵگەنامانەی داواکار پشتیان پێ دەبەستێ .
**پێنجەم:** ناونیشانی پشت پێ بەستراو لە ئاڵوگۆڕی یاداشت و گفتوگۆی نێوان لایەنە پەیوەندیدارەکان
**شەشەم:** ئەو ماوەیە کە ڕێ بە لایەنە پەیوەندیدارەکان دەدرێ بیروڕای خۆیانی تێدا پێشکەش بکەن کە هەر یاداشت یان زانیارییەکی پێش بڕیاردانی سەرەتایی و کۆتایی تێدا بخرێتە بەردەست و داوا پێشکەش بکرێ بۆ کۆبوونەوە لەگەڵ ئەو لایەنانەدا کە بەرژەوەندیان ناکۆکە .

**ماددەی (٦٥):**
**یەکەم:** ئاگادارییەک بە بڕیاری سەرەتایی وکۆتایی بڵاودەکرێتەوە بە سەپاندنی ڕەسمی کۆتایی و ڕێـو شوێنی بەپەلە یان کۆتانی پێهێنانی و ڕاگرتنی لێکۆڵینەوە یان کۆتـایی پێهێنـانی ئەو بڕیـارانە کە پەیوەنـدیان بەجێبەجێکردنـی ڕەسـمی نەهێشـتنی نـوقمکردن و بڕیـاری دیکەی پەیوەندیـدار بە پێـداچوونەوە هەیە بە مەرجێـک بەپێـی حوکمەکـانی یاسـا بە نهێنـی دانەنرێـت و بڕیارەکـانیش ئەمانەی لای خوارەوە لەخۆبگرێ : -

أ/ ناوی هاوردەکارانی  کاڵای نوقمکەر بۆ هەرێم یان ناوی دەوڵەتانی هاوردەی کاڵای پەیوەندیدار ئەگەر ئەوە نەکرا .

ب/ وەسفێکی تەواوی کاڵای داواکراوی نوقمکردن بۆ مەبەستی گومرگی .

ج/ پەراوێزی دیارنکراوی نوقمکردن و بەراورد کردنی نرخی هەناردە و بەهای ئاسایی.

د/ خاڵی ڕەچاوکراوی پەیوەندیدار بە دیاریکردنی هەبوونی زیان کە بەپێی حوکمەکانی ئەم ڕێنماییە دیاری کراوە .

هـ/ ئەو هۆیانە کە ئەم بڕیارانە لەسەر بناغەیان دروان .

**دووەم:** کارپێکردنی بڕیارەکانی ناو دەقی بەندی (یەکەم)ی ئەم ماددەیە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی ئاگاداری تایبەت بە خۆی دەست پێ دەکات

## بەندی شەشەم:

## دەستکردن بە لێکۆڵینەوەکان

**ماددەی (٦٦):**

**یەکەم:** بەرهەمهێنەری ناوخۆیی یان نوێنەری یاسایی یان هەرخاوەن بەرژەوەندیەک لەڕیگەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی گەشەپێدانی پیشەسازی بەڕێوەبەرایەتی پاراستنی بەرهەمی خۆماڵی داواکاری بە نووسراو  بۆ گرتنەبەری ڕێوشوێنی پێویست بۆ بەرەنگار بوونەوەی پیادەکاری زیانبەخش پێشکەش بە وەزیر دەکات بەمەرجێک داواکاریەکە ئەم مەرجانەی خوارەوە لەخۆی بگرێت:-

أ/ خاوەن داواکاری و هاوپیشەکانی دەبێت مۆڵەتی دامەزراندنی کارگەیان هەبێت .

ب/ داواکاریەک کە ئەو زانیاری و بەڵگەنامانە لەخۆ بگرێت کە ڕوودانی پیادەکاری زیانبەخش و کەوتنەوەی زیان و بوونی پەیوەندی هۆکاری لە نێوانیاندا بسەلمێنن.

ج/ داواکاریەکە  پشتگیری کراوبێت لەلایەن بەرهەمهێنە ناوخۆییەکان و بە مەرجێک ڕێژەی بەرهەمهێنانیان زیاتر بێت  لە  (٥٠%)  پەنجا لەسەدی پێداویستی ناوخۆیی بەکاربەر لە هەرێم.

د/ لایەنی کەم کەرەستەی خاوی سەرەتایی پێکهاتەی بەرهەمی  ئەم کارگانە (٥٠%)ی ئەبێت خۆماڵی بێت نەک هاوردەکراو .

هـ/دەبێت دەستی کاری ئەم کارگانە بە ڕیژەی (٧٥%)ی دەستی کاری خۆماڵی بێت .

و/ بەرهەمی ئەم کارگانە  دەبێت بەپێی مواصفاتی عێراقی  ئەگەر هەبوو ئەگەر مواصفاتی عێراقی نەبوو بەپێی مواصفاتە جیهانیەکان بێت.

ر/ بەرهەمی ئەم کارگانە لەتاقیگەکانی کوالێتی کۆنترۆڵی  باوەر پێکراوەکانی هەرێم یان عێراق دەبێت  دەرچوو بێت .

ز/خاوەن کارگەکان دەبێت بەڵێننامە بدەن لە بەشی یاسایی کە پابەند دەبن بە  ڕێنمایەکانی وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی و وەزارەتە پەیوەندارەکان  و کوالێتی و نرخی بەرهەمی کارگەکانیان.

ح/ خاوەن داواکاری فۆرمی زانیاری که ئامادە دەکرێت له بەڕێوەبەرایەتی پاراستنی بەرهەمی خۆماڵی پڕ دەکاتەوە بەپێی داتاو زانیاری ناو فۆڕمەکە وە تەواوی ئەم زانیاریانەی خوارەوەش لەخۆ بگرێت :-

أ/ ئەو بەڵگانە کە دەیسەلمێنێ بە ڕوودانی پیادەکاری زیانبەخش .

ب/ وەسفێکی ووردی کاڵای هاوردەکراو و کاڵای بەهەمهێنراوی خۆماڵی و بەند و تعریفەی گومرگی بەپێی یاساو تعریفەی گومرگی کارپێکراو بەدیاریکراویش بۆ بڕو بەهای بەرهەمی خۆماڵی.

ج/ ناوی داواکاران لە بەرهەمهێنەرە خۆماڵیەکانی کاڵاکەو بڕو بەهای بەرهەمهێنانیان و سەرجەمی بەرهەمهێنانی خۆماڵی لەو کاڵایە وە بڕی هەریەکەیان .

د/ بڕی هاوردەکراوی کاڵاکەو بەهاکەی لە هەر وولاتێکی هەناردەکارەوە لە سێ ساڵی پێش ساڵی داوا پێشکەش کردنەکە .

هـ/ دیاری کردنی بڕەکانی زیادە لە کاڵای هاوردەکراو جا ڕەها بێت یان ڕێژەیی بە بەراورد لەگەڵ بەرهەمی خۆماڵی .

**دووەم:** داواکاری پاراستنی بەرهەمی خۆماڵی لەلایەن بەرهەمهێنە ناوخۆییەکان لە بەڕێوەبەرایەتی پاراستنی بەرهەمی خۆماڵی لەوەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو پێشکەش دەکرێت ئەگەر پیادەکاری زیانبەخش پەیوەندی بەبەرهەمی کشتوکاڵەوە هەبوو.

**سێیەم** : بەڕێوەبەرایەتی گشتی گەشەپێدانی پیشەسازی ئەرکی تاوتوێکردن و دڵنیابوون لەهاتنەدی مەرجەکانی داواکاری پاراستنی بەرهەمی خۆماڵی دەقنووسکراو لەم یاسایەدا لە ئەستۆ دەگرێت و دەبێت لە ماوەی (٣٠) سی ڕۆژدا لە ڕێکەوتی تۆمارکردنی داواکاریەکە ڕاسپاردەکەی خۆی بۆ وەزیر بەرز بکاتەوە .

**چوارەم:** بەڕێوەبەرایەتی گشتی گەشەپێدانی پیشەسازی بەڕەزامەندی وەزیر بەدەر لە حوکمی بڕگەی (أ) خاڵی یەکەم ئەگەر بەڵگەو زانیاری پێویستی لە سەربوونی پیادەکاری زیانبەخش لەبەردەستدا بوو دەتوانێت لێکۆڵینەوە ئەنجام بدات .

**پێنجەم:** وەزیر لەماوەی (١٥) ڕۆژدا لەڕێکەوتی گەیشتنی ڕاسپاردەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی گەشەپێدانی پیشەسازی بڕیاری خۆی سەبارەت بە دەستپێکردن بە لێکۆڵینەوە یان ڕەتکردنەوەی داواکاریەکە دەدات .

**شەشەم:** ئەگەر وەزیر لەماوەی دیاریکراو کە (١٥) پانزدە ڕۆژە بڕیاری یەکلاکەرەوەی نەدا ئەوا وەڵام نەدانەوەکە بەڕەزامەندی لەسەر دەستپێکردن بە لێکۆڵینەوە ئەژمار دەکرێت.

**حەوتەم:** بەڕێوەبەرایەتی گشتی گەشەپێدانی پیشەسازی بڕیاری دەستپێکردنی بە لێکۆڵینەوە لانیکەم لە ماوەی (٧) حەوت ڕۆژدا لەڕێکەوتی دەرچوونی لە دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەدا بڵاودەکاتەوە لە سەر خەرجی داواکاران .

**هەشتەم:** بەڕێـوەبەرایەتی گشـتی گەشـەپێدانی پیشەسـازی لە مـاوەی (٧) حەوت ڕۆژدا لەڕێکەوتـی بڕیاری وەزیر بە دەستپێکردنی لێکۆڵینەوە ئەم ئەرکانەی خوارەوە جێبەجێ دەکات :-

أ- دەست بەلێکۆڵینەوە سـەرەتاییەکان سـەبارەت بەپیـادەکردنی زیـانبەخش و زیـان لێکەوتەکـانی و پەیوەندی هۆکاری لەنێوانیاندا دەکات وە دۆسییەکی تایبەت ئامادە دەکات .

ب - دەرفەت دەڕەخسـێنێت بـۆ لایەنە پەیوەنـدارەکانی لێکـۆڵینەوەکە و لایەنە بەشـداربووەکانی بـۆ پێشکەش کردنی هەر بەڵگەنامەو زانیاریەک گوێبیسـتی ووتەکانیـان و گفتوگـۆکردن دەربارەیـان و بینینی ئەو زانیاری و بەڵگەنامانەی کە پەیوەستن بە لێکۆڵینەوەکە ئەگەر نهێنی نەبن .

ج - لە دروستی و ووردی زانیاری و بەڵگەی پێشکەشکراو بۆ سەلماندنی پیادەکاری زیانبەخش و زیانە لێکەوتەکانی دەکۆڵێتەوە بۆ ئەم مەبەستەش دەتوانێت داوای زانیاری تر لە لایەنە پەیوەندارەکانی لێکۆڵینەوەکە و لایەنە بەشداربووەکان بکات .

د - ئەنجامی لێکـۆڵینەوە سـەرەتاییەکان و ڕاسـپاردەکانی لە ماوەیەکـدا کە لە (١٥) پـانزدە ڕۆژ زیـاتر نەبێت لەڕێکەوتی دەستپێکردنی لێکۆڵینەوە ئاراستەی وەزیر دەکات .

**نۆیەم:** وەزیر لە ژێر ڕۆشنایی ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەی سەرەتایی و ڕاسپاردەکانی بەڕێـوەبەرایەتی گشـتی گەشـەپێدانی پیشەسـازی و ئەو زانیاریـانەی بەردەسـتێتی لە مـاوەی (١٥)پـانزدە ڕۆژدا بڕیاری یەکلاکەرەوە دەدات .

**دەیەم:** وەزیر دەتوانێت داوا لە هەر لایەنێکی پەیوەندار بکات چ گشتی بێت یان تایبەت بۆ ئەوەی هەر زانیاریەکی پەیوەست بە بابەتی لێکۆڵینەوەی بخەنە بەردەست و دەبێت ئەو لایەنانەش پابەندی پێشکەش کردنی بن .

**یازدەهەم:** وەزیر دەتوانێت لە هەر کاتێکـدا لە سـەر ڕاسـپاردەی بەڕێـوەبەرایەتی گشـتی گەشـەپێدانی پیشەسازی بڕیار لەسەر ڕاگرتنی لێکۆڵینەوەکـان یـان کۆتـایی پێهێنانیـان بـدات لە هەردوو بـاری نـوقمکردن یـان پاڵپشـتیکردن بەبـێ سـەپاندنی ڕێوشـوێنی بەرەنگـاربوونەوەی نـوقمکردن یـان قەرەبوکردنەوە ئەگەرهاوردەکار بەڵێننامە پێشکەش بکات و تێیدا بەڵێن بدات بە پێداچوونەوەی نرخی بەرهەمەکە یان ڕاگرتنی هاوردەکردنی بۆ هەرێم بە نرخی نوقمکار یان پاڵپشتیکراو .

**دوازدەهەم:** وەزیـر دەتوانێـت بڕیـار بـدات بە تەواو کردنـی لێکۆڵینەوەکـان وێـڕای قبـوڵکردنی ئەو بەڵێننامەیەی کە لە خاڵی (١١)ی پێشوو دەقنوسکراوە .

**سێزدەهەم:** وەزیـر لەسـەر ڕاسـپاردەی بەڕێـوەبەرایەتی گشـتی گەشـەپێدانی پیشەسـازی بڕیـاری کۆتاپێهێنانی لێکۆڵینەوەکـان دەدات بەبـێ گـرتنەبەری ڕێوشـوێنی کۆتـایی لە یەکێـک لە بـارانەی خوارەوەدا:-

أ - ئەگەر بەڵگەنـامەی پێشکەشـکراو لەسـەربوونی پیادەکـاری زیـانبەخش یـان جـۆری زیانەکـان باوەڕپێهێنەر نەبـوو یـان ئەگەر پەیوەنـدی هۆکـاری لە نێـوان پیادەکـاری زیـانبەخش و زیانەکـانی بەرهەمی خۆماڵییدا نەبوو .

ب - ئەگەر داواکاریەکە بکشێنرێتەوە بەمەرجێک پێچەوانەی بەرژەوەندی گشتی نەبێت .
ج - ئەگەر پەراوێزی نوقمکردن لە (٢%)ی نرخی هەناردکردن کەمتر بێت وە بڕی پاڵپشتیکردن بۆ کاڵای هاوردەکراو کەمتر بوو لە(١%)ی نرخی کاڵاکە یان قەبارەی هاوردەکردن کەمتر بوو لە (٣%)ی کۆی هاوردەکراوی کاڵاکە لەهەر دەوڵەتێک بۆ هەرێم .

**چواردەهەم:** وەزیر لە کۆتاییپێهێنانی لێکۆڵینەوەکان بەپێی حوکمەکانی خاڵی ( ١٣ ) ئەم بڕیارانەی خوارەوە دەدات:-
أ/ کۆتاییپێهێنانی ڕێکاری خێرا و گەڕاندنەوەی بڕی ئەو بارمتە و دەستەبەرانەی کە بەپێی بڕگەی یەکەمی ماددەی (٨) ئەم یاسایە وەردەگیرێن .
ب/ هەڵوەشاندنەوەی ئەو بەڵێننامەیەی کە بەپێی حوکمەکانی خاڵی (١١) کە پێشکەش دەکرێن.

**پازدەهەم:** ئەگەر وەزیر بڕیار بدات بە بەردەوامی لێکۆڵینەوەکان ئەوا بەڕێوەبەرایەتی گشتی گەشەپێدانی پیشەسازی دەبێت بەم شێوەیەی خوارەوە ڕێکارەکان تەواو بکات:-
**أ** / ئەگەر پەیوەست بێت بە نوقمکردن یان پاڵپشتیکردن لە ماوەیەک کەلە (٦)شەش مانگ تێپەر نەکات لەڕێکەوتی ڕاگەیاندنی دەست کردن بە لێکۆڵینەوەکان.
**ب** / ئەگەر پەیوەست بێت بە زێدەهاوردەکردنی بێ پاساو لە ماوەیەک کە لە (٣)سێ مانگ تێپەر نەکات لەڕێکەوتی ڕاگەیاندنی دەست کردن بە لێکۆڵینەوەکان.

**شانزەهەم:** تاوتوێکردنی داواکاری وەرگرتنی ڕێوشوێنی پاراستنی بەرهەمێکی خۆماڵی یان ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەکان ڕێگر نابێت لە بەردەم تەواو کردنی ڕێکارە گومرگی .

## بەندی حەوتەم
## ڕێکارەکانی دوای لێکۆلینەوە

**ماددەی (٦٧):**

**یەکەم -** وەزیر لەسەر ڕاسپاردەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی گەشەپێدانی پیشەسازی بڕیاری گرتنەبەری خێرا بەرامبەر بە بەرهەمی هاوردەکراوی بابەتی لێکۆڵینەوە دەدات ئەگەر گەیشتە ئەو بڕیارە بەراییەی کەپیادەکاری زیانبەخش بەرامبەر بەرهەمی هاوشێوە یان بەرهەمی ڕکابەر بوونی هەیە بە مەرجێک لانیکەم (٣٠) سی ڕۆژ بەسەر دەستپێکردنی لێکۆڵینەوەکەدا تێپەڕ بووبێت ڕێکارەکان بەم شێوەیەی لای خوارەوە دەبن:-
أ/ سەپاندنی ڕەسمی نوقمکردن لە سەر بەرهەمی هاوردەکراوی بابەتی لێکۆڵینەوەکە بەشێوەی بارمتە لای بەڕێوەبەرایەتی گشتی گومرگ سپاردە دەکرێت .
ب/ پابەندکردنی کەسی هاوردەکار بە پێشکەش کردنی دەستەبەری گەرەنتیکار بە بڕێکی یەکسان بە پەراوێزی نوقمکردن .

ج/ پابەندکردنی کەسانی هاوردەکار لە وولاتانی پاڵپشتیکار بە پێشکەش کردنی دەستەبەری گەرەنتیکار بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی گومرگەکان بەبڕێک کە یەکسان بێت لەگەڵ بڕی پاڵپشتی پێشکەش کراو.

د/ لە دۆخی زێدە هاوردەکردنی بێ پاساو زیاد کردنی ڕەسمی گومرگی یان پابەندکردنی کەسانی هاوردەکار بە پێشکەش کردنی دەستەبەری گەرەنتیکار بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی گومرگەکان بە بڕێکی یەکسان لەگەڵ ئەو زیانەی بە بەرهەمهێنەرە خۆماڵیەکان کەوتووە و لەلایەن بەڕێوەبەرایتی گشتی گەشەپێدانی پیشەسازیەوە دیاری کراوە .

هـ/ پابەند کردنی هاوردەکار بە پێشکەش کردنی ئەو بەڵێننامەیەی کە بەپێی حوکمەکانی خاڵی (١١)ی پێشو دەقنووسکراوە بۆ وەزارەت .

**دووەم:** بەڕێوەبەرایەتی گشتی گومرگەکانی هەرێم بە هەماهەنگی لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی گشتی و دەستەی گشتی گومرگەکانی دەسەڵاتی فیدراڵی ئەو ڕێکارە خێرایانەی کە لەخاڵی (١٧) دا دەقنووسکراوە لە دوای بڵاوکردنەوەی لە دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەدا لە سەر خەرجی داواکاران جێبەجێدەکەن .

**سێیەم:** ئەگەر بڕیاری گرتنەبەری ڕێوشوێنی کۆتایی بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەرچوو ئەوا ڕێکارە خێراکان کۆتاییان پێدەهێنرێت و بارمتەکان یەکلایی دەکرێنەوە و دەستەبەرە پێشکەش کراوەکانیش هەڵدەوەشێندرێنەوە لە بەرامبەردا ڕەسمی نوقمکردن یان ڕەسمی قەرەبوو کردنەوە وەردەگیرێت.

**چوارەم:** ئەگەر بڕیار بەنەگرتنە ڕێوشوێنی کۆتایی دەرچوو ئەوا ڕێکارە خێراکان کۆتاییان پێدەهێنرێت و دەستەبەرەکان هەڵدەوەشێندرێنەوە و ئەو بارمتانەی پێشکەش کراون دەگەڕێندرێنەوە .

**پێنجەم:** ئەگەر داواکاریەکە پەیوەست بێت بە بەرهەمێکی کشتوکاڵی ئەوا ئەو ماوانەی بۆ لێکۆڵینەوە و ڕێکاری دەرکردنی بڕیار لە خاڵەکانی پێشوو دەقنووسکراون بۆ (١\٥) پێنج یەکی ئەو ماوەیە کەم دەکرێتەوە .

**شەشەم:** سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران دەتوانێت ڕێکاری خێرا ڕابگرێت ئەگەر بۆی دەرکەوت ئەم ڕێکارە لێکەوتی نەرێنی هەبووە لەسەر بەرهەمهێنەری خۆماڵی تر یان بەکاربەران یان بەرژەوەندی گشتی .

**حەوتەم:** بەڕێوەبەرایەتی گشتی گەشەپێدانی پیشەسازی لەدوای تەواو کردنی لێکۆڵینەوە لە چوارچێوەی ڕاپۆرتێکدا پاڵپشت بە بەڵگەنامەو زانیاری پشت ڕاستکراوەو ڕاسپاردە ئاراستەی وەزیر دەکات تیایدا ئەو دەرئەنجامانە دەخاتەڕوو کە دەربارەی پیادەکردنی زیانبەخش و زیانەکان و پەیوەندی هۆکاری لە نێوانیاندا پێی گەیشتووە.

**هەشتەم:** وەزیــر لە ژێــر ڕۆشــنایی ڕاســپاردەی بەڕێــوەبەرایەتی گشــتی گەشــەپێدانی پیشەســازی ئاماژەپێدراو لە خاڵی(٢٣) بڕیاری سەپاندنی ڕێوشوێنی کۆتایی بۆ بەرەنگار بوونەوەی پیادەکاری زیانبەخش دەدات بەو مەرجەی جۆرو قەبارەو ئاستی پیادەکردنی ڕێوشـوێنەکە لە خـۆ بگرێـت و ئەم بڕیـارە لە مـاوەی (١٠)دە ڕۆژ لە ڕێکەوتـی دەرچـوونیەوە ئاراسـتەی ئەنجـومەنی وەزیـران دەکرێت بۆ پەسەند کردنی .

**نۆیەم:** ئەگەر گرتنەبەری ڕێوشوێنی کۆتایی ڕەتبکرێتەوە پاڵپشت بە هەمان ئەو بابەت و هۆکارانەی لە داواکـاری خـاڵی (٢٤)ی پێشـوودا هـاتوون بەر لە تێـپەڕ بـوونی مـاوەی (١٨٠) سـەدو هەشـتا ڕۆژ لەڕێکەوتی بەکاربوونی بڕیاری وەزیر نابێت داواکاریەکی تر پێشکەش بکرێتەوە.

## بەندی هەشتەم

## چارەسەرەکان

**ماددەی (٦٨):**

**یەکەم:** وەزیــر بــۆ بەرەنگــاربوونەوەی پیادەکــاری زیــانبەخش ئەم ڕێوشــوێنە کۆتاییــانەی خــوارەوە دەگرێتەبەر :-

أ/ ڕێوشوێنی بەرەنگار بوونەوەی نـوقمکردن بە سـەپاندنی ڕەسـمی گـومرگی نـوقمکردن بە جۆرێـک یەکسان بێت بە پەراوێزی نوقمکردن .

ب/ ڕێوشـوێنی قەرەبـووکردنەوە بە سـەپاندنی ڕەسـمی گـومرگی قەرەبـووکردنەوە بەپێـی یاسـا کە یەکسان بێت لەگەڵ بڕی پاڵپشتیکردنی بەرهەمی هاوردەکراو بۆ هەرێم .

ج/ ڕێوشوێنی خۆپاراستن بۆ بەرەنگاربوونەوەی زێـدەهاوردەکردنی بـێ پاسـاو بە سـنووردار کردنـی ئەو بـڕەی ڕێـگە بەهـاوردەکردنی دەدرێـت یـان سـەپاندنی پێناسـی گـومرگی لە سـەر بەرهەمـی هاوردەکراو یان زیاد کردنی پێناسەکە یان هەر ڕێکارێک کە یارمەتی بەرهەمهێنەری خۆماڵی بـدات لەســەرخۆگونجاندن لەگەڵ بەرهەمــی هــاوردەکراو بەو مەرجەی کــاریگەری نەرێنــی لە ســەر بەرژەوەندی گشتی و بەکاربەری ناوخۆیی نەبێت.

**دووەم:** سـەپاندنی ڕێوشـوێنی کۆتـایی تـایبەت بە پاراسـتنی بەرهەمـی کشـتوکاڵی دوای ڕەزامەنـدی وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو دەبێت .

**سێیەم:**ئەنجومەنی وەزیران دەتوانێت لە ماوەی (١٠) دە ڕۆژدا بڕیاری وەزیر بە سـەپاندنی ڕێوشـوێنی کۆتایی پەسەند بکات یان ڕەتی بکاتەوە ئەگەر لەماوەی دیاریکراو بڕیاری نەدا ئەوا بڕیاری وەزیر بە پەسندکراو دادەنرێت .

**چوارەم:** لایەنی تایبەتمەند بڕیـاری ڕەتکردنەوەی سـەپاندنی ڕێوشـوێنی کۆتـایی لەلایەن ئەنجـومەنی وەزیــرانەوە بە داواکــار ڕادەگەیێنــێ و هەر ڕێوشــوێنێکی بە پەلەی پارێزگــاریش کە وەزارەت گرتبێتیەبەر هەڵی دەوەشێنێتەوە بارمتەی نەختینە و کەفالەتنامەی بانکیشی بۆ دەگەڕێنێتەوە .

**پێنجەم:** گرتنەبەری ڕێوشوێنی کۆتایی دەبێت بەو بڕە بێت کە بۆ بەرگرتن لە ڕوودانی زیان یان لابردنی زیان پێویستە بەجۆرێک دەرفەت بداتە بەرهەمهێنەری خۆماڵی بارودۆخی خۆی لەگەڵ بەرهەمی هاوردەکراو و پاراستنی بەرژەوەندییەکانی هەرێم بگونجێنێت .

**شەشەم:** نابێت ئەو ڕەسمی گومرگییەی بۆ بەرەنگاربوونەوەی نوقمکردن یان ئەو ڕەسمی قەرەبووکردنەوەیەی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی پاڵپشتیکردن کە دەسەپێندرێت لە پەراوێزی نوقمکردن یان بڕی پاڵپشتیکردن زیاتر بێت و دەکرێت بە بڕێکی کەمتر دیاری بکرێت ئەگەر ئەو بڕە لابردنی کاریگەریەکانی زیان مسۆگەر بکات و هەر زیادەیەک لە ڕەسمی گومرگی یان قەرەبووکردنەوەی وەرگیراو کە زیاترە لە پەراوێزی نوقمکردن یان بڕی پاڵپشتیکردن بۆ خاوەنەکەی دەگەڕێنرێتەوە .

**حەوتەم:** نابێت هەمان بەرهەمی هاوردەکراو لە هەمان کاتدا بۆ ڕێوشوێنی بەرەنگاربوونەوەی نوقمکردن و ڕێوشوێنی قەرەبووکردنەوەش ملکەچ بێت واتە لە یەک کاتدا نوقمکەرو پاڵپشتیکراویش بێت.

**هەشتەم:** جێبەجێکردنی ڕێوشوێنی کۆتایی بە شێوەی کاتییەو نابێت لە (٥) پێنج ساڵ زیاتر بێت

**نۆیەم:** ڕێوشوێنی کۆتایی بۆ بەرەنگاربوونەوەی نوقمکردن و پاڵپشیکردن بە درێژایی ماوەی بەردەوام بوونی دۆخی نوقمکردن و پاڵپشتیکردن بەردەوام دەبێت .

**دەیەم:** بەڕێوەبەرایەتی گشتی گەشەپێدانی پیشەسازی خۆی یان لەسەر داوای کەسی پەیوەندار دوای پێشکەش کردنی پاساو و بەڵگەی پێویست پێش تەواو بوونی ماوەی ڕێوشوێنی کۆتایی دەتوانێت پێداچوونەوە بە ڕێوشوێنانەدا بکات .

**یازدەهەم:** دەشێ ماوەی جێبەجێکرنی ڕێوشوێنی بەرەنگاربوونەوە بەپێی ئەم خاڵانەی لای خوارەوە درێژبکرێتەوە :-

أ/ بە مەرجێک بەرهەمهێنی خۆجێی داوای درێژکردنەوە پێشکەش بکا پێش ماوەیەک لە (١٨٠) سەدو هەشتا ڕۆژ کەمتر نەبێ لە ڕۆژی تەواوبوونی ماوەی بنەڕەتی بەرەنگار بوونەوەکە .

ب/ نابێ ماوەی جێبەجێکردنی ڕێو شوێنی کۆتایی لە (١٠) دەساڵ زیاتر بێ .

ج/ لایەنی تایبەتمەند بەپێی هەمان ڕێوشوێنی پەیڕەوکراوی سەپاندنی بەرەنگاری یەکەم جار لێکۆلینەوە ئەنجام بداتەوە .

**دوازدەهەم:** ئەگەر بەڕێوەبەرایەتی گشتی گەشەپێدانی پیشەسازی بۆی دەرکەوت کە بەردەوامی ڕێوشوێنی کۆتایی پاساوی نەماوە ئەوا بە گرتنەبەری ڕێکاری یاسایی بە ڕەزامەندی وەزیر دوای پەسەند کردنی لە لایەن ئەنجومەنی وەزیران کۆتایی بە ڕێوشوێنەکان دەهێنرێت.

**سێزدەهەم:**

أ - هیچ ڕێوشوێنێکی تازەی پارێزگاری بەسەر کاڵایەکی هاوردەکراودا کە پێشتر ڕێوشوێنی پارێزگاری لەبارەوە گیرابێتەبەر جێبەجێناکرێ تەنها پاش تێپەڕینی ماوەیەک کە کەمتر نەبێ لەنیوەی ماوەی جێبەجێکردنی ڕێوشوێنی پێشوو و یان (٢) دووساڵ کامیان زیاتر بێ .

ب– بەدەر لە حوکمەکانی بەندی ( یەکەم )ی ئەم ماددەیە دەشێ ڕێو شوێنێکی تازەی پارێزگاری بەسەر هەمان کاڵای هاوردەکراودا جێبەجێبکرێ بۆ ماوەیەک کە لە (١٨٠) سەدو هەشتا ڕۆژ زیاتر نەبێ کاتێک ئەم دوو مەرجەی لای خوارەوە بەدی بێت :-

١/ ئەگەر لانی کەم (١) یەک ساڵ لە ڕۆژی سەپاندنی ڕێوشوێنی کۆتایی پێشوو وە تێپەڕ بووبێت.

٢/ ئەگەر پێشتر لە دووجار زیاتر ڕێوشوێنی پارێزگاری بەسەر هەمان کاڵای هاوردەکراودا جێبەجێنەکرابێت لە ماوەی (٥) پێنج ساڵ پێش ڕۆژی جێبەجێکردنی ڕێوشوێنی تازەی پارێزگاریدا.

**چواردەهەم:** ئەگەر ماوەی جێبە جێکردنی ڕێوشوێنی پاراستن یا هەر درێژکردنەوەیەک (١) یەک ساڵ یان زیاتر بوو ئەم ڕێوشوێنە بەرە بەرە لە چەند ماوەیەکی دیاریکراودا و پشت بەستووە بە بەرنامەیەک کە لایەنی تایبەتمەند ئامادەی دەکا و وەزیر پێی ڕازی بێ سووک دەکرێ .

**پازدەهەم:**

أ – ڕێوشوێنی پاراستن بە پێداچوونەوەی لایەنی تایبەتمەند بەپێی ئەم ڕێنماییانە ئەگەر تێکڕایی ماوەی جێبەجێکردنی ئەم ڕێوشوێنانە لە (٣) سێ ساڵ کەمتر نەبێ بە مەرجێک ئەم پێداچوونەوەیە لە وادەیەکدا بکرێ کە لە نیوەی ئەم ماوەیە تێنەپەڕێ و ئەمانە بگرێتەوە :

١/ بەرهەمهێنەرە خۆماڵیەکان تا چ ڕادەیەک بارودۆخی خۆیان گونجاندووە .

٢/ شوێنەواری جێبەجێکردنی ڕێوشوێنی پاراستن بەسەر بەرهەمهێنەرە خۆماڵیەکاندا.

ب – لایەنی تایبەتمەند ڕاسپاردەیەک سەبارەت بە ئەنجامەکانی پێداچوونەوە بۆ مانەوە لەسەر درێژەپێدانی ڕێوشوێنی پاراستن یا کۆتایی پێهێنانی دەداتە وەزیر و ئەگەر وەزیریش ڕازی بوو بە کۆتایی پێ هێنانی ڕێوشوێنی پاراستن ڕاسپاردە دەداتە ئەنجومەنی وەزیران تا ئەو بڕیارە بدا کە لەم ڕووەوە بە گونجاوی دادەنێ .

**شازدەهەم:** لایەنی تایبەتمەند کاتی ڕەتکردنەوە یان درێژکردنەوە یان پێداچوونەوەی دوا ڕێوشوێنی پاراستن سەرپەرشتی ئەمانە دەکات :-

أ – بڵاوکردنەوەی ئاگاداری لە دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی خۆجێیدا بە خەرجیی داواکار و لایەنی تایبەتمەندیش بۆی هەیە ڕاستەوخۆ کرێی بڵاوکردنەوە لە داواکار وەربگرێ .

ب - ئاگاداركردنەوەی لایەنە پەیوەندیدارەكان لە بڕیارەكە  بە مەرجێك ئەمانەی لای خوارەوەی تێدابێ :-

١ / وەسفێكی تەواوی كالای هاوردەكراو كە خەسڵەت و بەكارهێنانی تەكینیكی و دیاریكردنی پۆلەكەی بۆ مەبەستی هەمواركردنی تاریفەی گومرگی تێدابێ .

**٢**/ وەسفێكی تەواوی كەڵای بەرهەمهێنراوی خۆجێی كە خەسڵەت و بەكارهێنانی تەكنیكی تێدابێ .

٣ / پوختەی دوا بڕیاری ڕوونكردنەوەی ئەو زیانە كە لە بەرهەمێهێنەرە خۆجێیەكان كەوتووە وە ئەو هۆكارانەی تێدا بێ كە ڕەچاو كراون .

٤ / شێوەی ڕێوشوێنی پارێزگاری و ماوە و ڕۆژی دەست پێكردنی جێبەجێكردنی .

٥ / خشتەی كاتی سووككردنی بەرەبەرە جێبەجێكردنی ڕێوشوێنی پارێزگاری بەپێی حوكمەكانی ئەم ڕێنماییانە .

٦ / خشتەیەكی كاتی بۆ سوك كردنی ڕێوشوێنی سەپێنراوی پاراستن بەپێی ئەم ڕێنماییە .

ج– ئامادەكردنی ڕاپۆرتێك ئەو ئەنجامانەی تێدابێ كە لێكۆلینەوەكە بە دەستی هێناون.

**حەڤدەهەم:** وەزارەت بۆی هەیە هەماهەنگی و ڕاوێژ لەگەڵ  هاوشێوەكانی خۆیدا بكات لە دەوڵەتانی دیكە بەپێی حوكمەكانی ئەم یاسایە .

**هەژدەهەم:** وەزیر پشت بەستوو بە ڕاسپاردەی لایەنی تایبەتمەند بۆی هەیە بڕیار لەسەر لێكۆلینەوە لە بڕێكی زیاتری هاوردەكراوی كالایەكی هاوشێوە یا ڕكابەری كالایەكی بەرهەمهێنراوی خۆماڵی بدا ئەگەر دەركەوت كە دەتوانێ  زیان بە بەرهەمهێنەرەكانی بگەیێنێ.

**نۆزدەهەم**: پێشكەشكردنی داوای پاراستنی كالایـــەكی بەرهەمهێنراوی خۆماڵی یا ڕێوشوێنەكانی لێكۆلێنەوە لە بارەیەوە  هیچ بەربەستێكی ڕێو شوێنی ڕزگاركردنی گومرگی هاوردەكردنی ئەو كالایەی ناكەوێتە سەر .

**بیست:**

أ – لایەنی تایبەتمەند نموونەی فۆرمی داوای نەهێشتنی نوقمكردن و پاڵپشتیكردن  و زێدەهاوردەكردنی  بێ پاساوی كالای هاوردەكراو ئامادە دەكا كە وەك بەڵگە نامەیەك لە ڕێوشوێنەكانی لێكۆلینەوە دا پشتی پێ دەبەسترێ .

ب – لایەنی تایبەتمەند بۆی هەیە چۆن بە گونجاوی دەزانێ دەستكاری پێویستی نموونەی ناو دەقی بەندی یەكەمی ئەم ماددەیە بكات .

**بیست و یەك:** پرۆسەی ئەنجامدانی كارەكانی پاراستنی بەرهەمی خۆمالی سەرپەرشتی و پەسەند دەكرێت لە لایەن بریكاری وەزارەت بۆ كاروباری پیشەسازی.

## سێیەم
## حوکمی کۆتایی

**ماددەی (٦٩):**

١- دامەزراندنی بەڕێوەبەرایەتی پاراستنی بەرهەمی خۆماڵی لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی گەشەپێدانی پیشەسازی لە (وەزارەتی بازرگانی وپیشەسازی وە لە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو)یش لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلاندانان و بەدواداچون وە لەپارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکانیش بەش یان هۆبەی تایبەتمەندیان دەبێت .

٢- هەربەڕێوەبەرایەتیەک لەوانەی کە لەخاڵی یەکەمدا دەقنووسکراوە بۆ مەبەستەکانی جێبەجێکردنی ئەم یاسایە ئەم تۆمارنامانەی لای خوارەویان دەبێت هەبێت :-

أ- تۆمارنامەی نوقمکردن .

ب- تۆمارنامەی پاڵپشتیکردن .

ج- تۆمارنامەی زێدە هاوردەکردنی بێ پاساو.

**ماددەی (٧٠):**

بۆ پەسند کردنی کۆتایی پاراستنی بەرهەمی خۆماڵی کارگەکان پاڵپشت بە یاسای پاراستنی بەرهەمی خۆماڵی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢١ی هەرێمی کوردستان، لیژنەیەک لە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی پێک دەهێنرێت بە سەرۆکایەتی بریکاری وەزارەت بۆ کاروباری پیشەسازی و ئەندامیەتی هەریەکە لە (ئەنجومەنی وەزیران، وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو ، دەستەی وەبەرهێنان، وەزارەتی دارایی و ئابووری)، وە هەر نوێنەرێکی تر کە لیژنە بە پێویستی بزانێت زیاد دەکرێت و نابێت پلەی فەرمانبەرێتی ئەندامانی لیژنە لە بەرێوەبەری گشتی کەمتر بێت.

**ماددەی (٧١):**

ئەم ڕێنماییە جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە رۆژنامەی (وەقایعی کوردستان)

| | | |
|---|---|---|
| **ئاوات جەناب نوری** | **بێگەرد تاڵەبانی** | **کمال مسلم** |
| **وەزیری دارایی و ئابووری** | **وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو** | **وەزیری بازرگانی و پیشەسازی** |

**وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی**

**ژمارە: ١٧٨٩ لە ٢٠٢٣/٤/٢٧**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە ماددەی (٣) بڕگەی (١٧)ی یاسای وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی ژمارە (١٠)ی ساڵی ٢٠١٠ی هەموارکراو ، بڕیارماندا بە دەرکردنی ئەم ڕێنماییەی خوارەوە:

**ڕێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٣**

**تایبەت بە پێدانی مۆڵەتی کارکردنی نوسینگەکانی ژووری بازرگانی بیانی و سەنتەرە بازرگانیەکان و دامەزراوە ئابوورییەکان لە هەرێمی کوردستان**

**ماددەی (١):**

**أ/ مەرجەکانی مۆڵەت پێدان**

١- سەنتەر و دامەزراوە و نوسینگە سەر پشک کرابێت لە وڵاتی یەکەم بۆ وەرگرتنی مۆڵەت.

٢- پشتڕاستکردنەوەی داواکاری بۆ کردنەوەی نوسینگەکانی ژووری بازرگانی بیانی و سەنتەرە بازرگانیەکان و دامەزراوە ئابوورییەکان لە هەرێمی کوردستان لە لایەن فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە و کونسوڵخانە یان باڵوێزخانەی ئەو وڵاتە .

٣- سەنتەر و دامەزراوە و نووسینگە دەبێت لە فەرمانگەی دادنووس بەڵێن بدات کەوا چالاکی بازرگانی ئەنجام نەدات، بەڵکوتەنها چالاکی ئاسانکاری بازرگانی بکات .

٤- پابەندبوونی نووسینگەکانی ژووری بازرگانی بیانی و سەنتەرە بازرگانیەکان و دامەزراوە ئابوورییەکان لە هەرێمی کوردستان بۆ چاودێری و بەدواداچوونی وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی.

**ب/ پێویستیەکانی مۆڵەت :**

١- کۆپی پاسپۆرتی ڕێگە پێدراو و ئەندامان و ناسنامەی نیشتەجێبوون .

٢- کۆپی گرێبەستی باڵەخانە یان ئۆفیس .

٣- کار و چالاکیەکانی پێشتر ئەگەر هەبێت .

**ماددەی (٢):**

مۆڵەتی نوسینگەکانی ژووری بازرگانی بیانی و سەنتەرە بازرگانیەکان و دامەزراوە ئابوورییەکان لە هەرێمی کوردستان بە مۆڵەت ناژمێردرێت بۆ کۆمپانیا و ئەندامەکانی بەڵکو هەر کۆمپانیایەک بەپێی یاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت .

**ماددەی (٣):**

**أ-نوێکردنەوەی مۆڵەت:**

١- پسووڵەی مۆڵەت پێدان( ١،٠٠٠،٠٠٠) تەنها یەک ملیۆن دینار.

٢- مۆڵەت ساڵانە نوێ دەکرێتەوە بە پێدانی پسووڵەی(٥٠٠،٠٠٠) تەنها پێنج سەد هەزار دینار.

٣- لەکاتی نوێکردنەوەی مۆڵەت پێویستە هەمان بەڵگەنامە کە لە ماددەی یەکەم/ب ئاماژەی پێکراوە پێشکەش بکرێتەوە.

**ب-هەڵوەشاندنەوەی مۆڵەت:**

لەم بارانەی خوارەوە مۆڵەت هەڵدەوەشێتەوە:

١- نوێ نەکردنەوەی مۆڵەت لە ماوەی (٣) مانگ لەکاتی بەسەرچوونی مۆڵەتەکە.

٢- کۆتایی هێنان (داخستنی) نوسینگە (ئۆفیس) لەسەر داواکاری خۆیان.

٣- پابەند نەبوون بە ڕێنماییەکانی وەزارەت.

**ماددەی (٤):**

**أ-** وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی هەڵدەستێت بە وەرگرتنی بەڵگەنامەکان و دواتر ووردبینی کردنی سەرجەمیان لەکاتی ڕەزامەندی پێدان فەرمانەکە بۆ گشت لایەنە پەیوەندیدارەکان لە هەرێمی کوردستان ڕەوانە دەکرێت.

**ب-** هەر سەنتەر و ژووری بازرگانی و دامەزراوەیەک کە لە لایەن وەزارەتی بازرگانی وپیشەسازی مۆڵەتی وەرگرت و دەرکەوت کە پێچەوانەی ئەو ڕێکار و ڕێنمایانە کار دەکات لە ماوەیەکی دیاریکراودا ئاگادار دەکرێتەوە و ڕێکاری یاسایی بەرامبەر دەگیرێتەبەر .

**ماددەی (٥):**

**یەکەم**: ڕێنمایی ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠١٧ هەڵدەوەشێتەوە.

**دووەم** : ئەم ڕێنماییە لە رۆژی بڵاوکردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێت.

**کمال مسلم**

**وەزیری بازرگانی و پیشەسازی**

**وەزارەتی دارایی وئابووری**

**ژمارە: ٥٣٧٧ لە ٢٠٢٣/٤/١٣**

پاڵپشت بە ئەحکامی ماددەی (١٧٤) وە برگەی ( دووەم ) لە ماددەی (١٧٥) و برگەی(سێیەم) لە ماددەی (٢٧٠) لە یاسای گومرگی ژمارە (٢٣)ی ساڵی ١٩٨٤ی هەموارکراو ، ئەم ڕێنمایەی خوارەوەمان دەرکرد :

**ڕێنمایی گومرگی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٣**

**هەمواری لە ڕێنمایی گومرگی ژمارە (٧)ی ساڵی ٢٠٢٠**

**بەشی یەکەم :** بەشی یانزە لە ڕێنمایی گومرگی ژمارە (٧)ی ساڵی ٢٠٢٠ تایبەتە بە بریکار و یاریدەدەرەکانی دەرهێنەری گومرگی هەموار دەکرێتەوە بەم شێوەی خوارەوە :

**ماددەی (١) :**

بەڕێوەبەری گشتی گومرگ هەڵدەستێ بە پێدانی مۆڵەتی پیشەی بریکار و یاریدەدەرەکانی دەرهێنەری گومرگی (ساڵانە) بۆ کەسانی ئاسایی و کۆمپانیاکان بەپێی پێویست و بەو مەرجانەی کە لە ماددەی (٢/ یەکەم و سێیەم)ی ئەم ڕێنماییە دا دیاری کراون .

**ماددەی (٢) :**

**یەکەم : مەرجەکانی پێدانی مۆڵەتی پیشەی بریکاری دەرهێنەری گومرگی :**

١- داواکار ئەبێت داواکاری لە بەڕێوەبەرایەتی گومرگی پەیوەندیدار پێشکەش بکات .
٢- داواکار دەبێت دانیشتووی هەرێمی کوردستان بێت .
٣- تەمەنی لە (٢٥) ساڵ کەمتر نەبێت .
٤- دەرچووی پەیمانگا و بەسەرەوە بێت .
٥- بڕوانامەی خولی ڕاهێنانی لە کۆمپیوتەر بەتایبەتی بەرنامەی (مایکروسۆفت و ۆرد) هەبێت وە هەڵسەنگاندنی لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی گومرگ بۆ بکرێت .
٦- ئاکارو خوو ڕەوشتی بەرزبێت و هیچ پێشینەیەکی تاوانی ئابڕووبەرانەی نەبێت .
٧- ڕەزامەندی ئاسایشی هەبێت .
٨- ئەستۆ پاکی باجی دەرامەت بهێنێت .
٩- بەڵێننامە بدات کە مووچە خۆری دەوڵەت نەبێت و لە هیچ دامەزراوەیەک و ڕێکخراوێک و کەرتی تایبەت کارنەکات .
١٠-بەڵێن نامە بدات کە ئامادەیە بە پێدانی ڕسومات و باج و هەر سزایەک کە بەپێی یاساو ڕێنماییەکان دەکەوێتە سەری .
١١- نابێت بریکار و یاریدەدەرەکان خزمایەتی پلەیەک بەیەکتریان ببەستێتەوە وە نابێت خزمایەتی پلە (یەکیان) هەبێت لەگەڵ فەرمانبەر و کارمەندانی فەرمانگەکانی کۆمەڵگا و گومرگ .
١٢- هەموو ئەو بەڵگەو مەرجانەی سەرەوە بە نوسراوی فەرمی بەڕێوەبەرایەتی گومرگی پەیوەندیدار بە هاوپێچ ڕەوانەی بەڕێوبەرایەتی گشتی گومرگ دەکرێت بۆ پێدانی مۆڵەتی پیشەی بریکاری دەرهێنەری گومرگی .

**دووەم : مەرجەکانی کارکردنی پیشەی بریکاری دەرهێنەری گومرگی :**

١- پێویستە نوسینگەیەکی هەمیشەیی هەبێت لەناو دەروازە یان حەرەمی گومرگی یان ئەو شارەی کە دەروازەکە یان حەرەمی گومرگەکە لە سنوری یەکەی ئیداریەکەی دایە کە پیشەکەی تێدا ئەنجام دەدات وە پێویستە تابلۆیەک هەڵبواسێت کە ناوی تەواو و ژمارەی مۆڵەتەکەی تێدا دیاری کرابێت.

٢- پێویستە بریکاری دەرهێنەری گومرگی (خطاب ضمان) بە بڕی (٥،٠٠٠،٠٠٠) پێنج ملیۆن دینار بهێنێت.

٣- بڕی (٨٠٠،٠٠٠) هەشت سەد هەزار دینار لە بریکاری دەرهێنەری گومرگی وەک ڕەسمی پێدانی مۆڵەت تەنها بۆ یەک جار وەردەگیرێت. (جاری یەکەم) .

٤- بڕی (١٠٠٠٠٠٠) یەک ملیۆن دینار لە بریکاری دەرهێنەری گومرگی (ساڵانە) وەک ڕەسمی نوێکردنەوەی کارکردنی پیشە وەردەگیرێت .

٥- بڕی (٣٠٠٠) سێ هەزار دینار بۆ یەک مامەڵە لەو بەڕێوەبەرایەتیانەی کە کارکردن تێیدا بەسیستەم نەکراوە وە بڕی (٥٠٠٠) پێنج هەزار دینار بۆ یەک مامەڵە لەو بەڕێوەبەرایەتیانەی کە بەسیستەم ئەلیکترۆنی کار دەکەن ، لەبریکاری دەرهێنەری گومرگی وەردەگیرێت وەک ڕەسمی خزمەتگوزاری.

٦- پێویستە دەرهێنەری گومرگی باجی کارکردن هەڵبواسێت بە پێچەوانەوە بەپێی ماددەی (٢١٥) لە یاسای گومرگی ژمارە (٢٣)ی ساڵی (١٩٨٤) سزا دەدرێت .

٧- بریکاری دەرهێنەری گومرگی ناسنامە و باجی تایبەتی (ساڵانەی) پێ دەدرێت لە بەرامبەردا بۆ جاری یەکەم لە کاتی پێدانی مۆڵەتەکە بڕی (٥٠٠٠٠) پەنجا هەزار دینار لە بەرامبەر پێدانی ناسنامە و باجەکە لێ وەربگیرێت وەلەکاتی نوێکردنەوەی مۆڵەتەکەش هەمان بڕە پارەی لێوەربگیرێت .

**سێیەم : مەرجەکانی پێدانی مۆڵەتی پیشەی یاریدەدەری بریکاری دەرهێنەری گومرگی .**

١- داواکار دەبێت دانیشتوی هەرێمی کوردستان بێت .

٢- تەمەنی لە (٢٢) ساڵ کەمتر نەبێت .

٣- دەرچووی ئامادەیی یان هاوشێوەی بێت .

٤- بڕوانامەی خولی لە کۆمپیوتەر هەبێت بە تایبەتیش بەرنامەی (مایکرۆسۆفت وۆرد) وە هەڵسەنگاندنی لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی گومرگ بۆ بکرێت .

٥- خوو و ڕەوشتی بەرزبێت و هیچ پێشینەیەکی تاوانی ئابڕووبەرانەی نەبێت .

٦- دەبێت یاریدەدەری بریکاری دەرهێنەری گومرگی تەنها لای یەک بریکار کاربکات .

٧- یاریدەدەری بریکاری دەرهێنەری گومرگی دەتوانێ پیشەی یاریدەدەریەکەی تەنها (یەک جار) لەلای بریکارەکەوە بگوازرێتەوە بۆ لای بریکارێکی تر لە ساڵێک و تەنها بۆ یەک جارو بە ڕەزامەندی گومرگی پەیوەندیدار .

**چوارەم : مەرجەکانی کارکردنی پیشەی یاریدەدەری دەرهێنەری گومرگی .**

١- بڕی (٤٠٠٠٠٠) چوار سەد هەزار دینار وەک ڕەسمی پێدانی مۆڵەت تەنها بۆ یەک جار (جاری یەکەم) وەربگیرێت .

٢- بڕی (٥٠٠٠٠٠) پێنج سەد هەزار دینار ڕەسمی نوێ کردنەوەی (ساڵانە)ی پیشەکەی وەربگیرێت .

٣- پێویستە یاریدەدەرەکانی بریکاری دەرهێنەری گومرگی باجی کارکردن هەڵبواسن بە پێچەوانەوە بەپێی ماددەی (٢١٥) لە یاسای گومرگی ژمارە (٢٣) ی ساڵی (١٩٨٤) سزا دەدرێن .

٤- پێویستە یاریدەدەری دەرهێنەری گومرگی خطاب ضمان بە بڕی (٢،٥٠٠،٠٠٠) دوو ملیۆن و پێنج سەد هەزار دینار بهێنێت

٥- یاریدەدەرەری دەرهێنەری گومرگی ناسنامەی تایبەتیان ساڵانە پێ دەدرێت وە لە بەرامبەردا بۆ جاری یەکەم لەکاتی پێدانی مۆڵەتەکە بڕی (٢٥٠٠٠) بیست و پێنج هەزار دیناری لێ وەردەگێرێت و وە لەکاتی نوێ کردنەوەی مۆڵەتی ساڵانەکەش هەمان بڕە پارەی لێ وەردەگیرێت .

**ماددەی (٣) :**

**یەکەم** : ئەو مەرجانەی کە لە ماددەی (دوو/ یەکەم،دووەم،سێیەم،چوارەم) بۆ بریکار و یاریدەدەرەکانی دیاری کراون لەسەر ئەو کۆمپانیایانەش جێبەجێ دەکرێت کە مۆڵەتی پیشەی دەرهێنانی گومرگیان لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆماری کۆمپانیاکانی هەرێم هەیە کە خۆی لە بەڕێوەبەری ڕێگاپێدراو (مدیر مفوض) یان هەرکەسێکی تر کە کۆمپانیاکە تەخویلی کردبێت بۆ ئەم پیشەیە .

**دووەم** : فەرمانگەکانی حکومەت دەتوانن لە ڕێگەی بەڕێوەبەرە گشتیەکانەوە فەرمانبەرێکی خۆیان تەخویل بکەن بۆ دەرهێنانی گومرگی بۆ ئەو کاڵایانەی خۆیان هاوردە یان هەناردەی دەکەن .

**ماددەی (٤) :بریکاری دەرهێنەری گومرگی لەکاتی کارکردندا پێویستە پابەندی ئەم خاڵانەی خوارەوەبێت :**

١- (بریکارنامەی) ئەو بازرگانە یان کۆمپانیایەی هەبێت کە لەجیاتی ئەو کاری دەرهێنانی گومرگی بۆ کاڵاکەی دەکات یان نوسراوێکی (تخویل) کە تەنها بۆ یەک جار کاری پێ دەکرێت .

٢- پێویستە دڵنیابێت لە ڕاستی و دروستی ئەو بەڵگەنامانەی کە بۆ کاری گومرگی پێویستن و داواکراون لە گومرگ و ساختەکاریان تێدا نەبێت .

٣- پێویستە بریکاری دەرهێنەری گومرگی بەڵێننامە بدات کە بەرپرسیارە لە بەرامبەر هەموو ئەوکارانەی کە یاریدەدەرەکانی ئەنجامی دەدەن لەکاتی دەرهێنانی گومرگی .

**ماددەی (٥) :**

**یەکەم** : بریکاری دەرهێنەری گومرگی بۆی هەیە تەنها (٣) سێ یاریدەدەری هەبێت وە ئەم مەرجە ئەو یاریدەدەرانە ناگرێتەوە کە پێش دەرچوونی ئەم ڕێنماییە مۆڵەتی پیشەی یاریدەدەریان هەبووە .

**دووەم** : بریکاری دەرهێنەری گومرگی کەمۆڵەتی نوێی بۆجاری یەکەم پێ دەدرێت ، تا سێ مانگ بەسەر مۆلەتەکەی تێپەڕ نەبێت، مۆلەتی کارکردنی هیچ یاریدەرێکی پێ نادرێت و لەو ماوەیەدا تەنها خۆی کاری دەرهێنانی گومرگی دەکات .

**سێیەم:** تەنھا بریکار و یاریدەدەری دەرهێنەری گومرگی لە نوسینگەکە ئامادەییان دەبێت و هیچ کەسێکی تر لەو نوسینگەیە به هیچ ناونیشانێک نابێت کاربکات .

**ماددەی (٦) :**

**یەکەم** : لەکاتی نوێ کردنەوەی ساڵانەی ناسنامە و باجی بریکارو یاریدەدەرەکانی دەرهێنەری گومرگی پێویستە هەموو ئەو مەرج و بەڵگەنامانەی کە لە ماددەی (٢/ یەکەم و سێیەم)ی ئەم ڕێنماییە لەگەڵ خۆیاندا بهێنن و ئەستۆپاکی باجی دەرامەتیان هەبێت .

**دووەم** : پێویستە بریکاری دەرهێنەری گومرگی داواکاری پێشکەش بکات بۆ خۆی و یاریدەدەرەکانی بۆ نوێ کردنەوەی ناسنامەکەیان پێش کۆتایی هاتنی ماوەی بەسەرچوونی ناسنامەکانیان ، بەپێچەوانەوە ڕێگا نادرێت بەکارکردنی بریکار و یاریدەدەرەکانی دەرهێنەری گومرگی ئەگەر ماوەی ناسنامەکەیان بەسەرچوو بێت و نوێ نەکرابێتەوە .

**ماددەی (٧) :**

**یەکەم** : ڕێگا نادرێت بە گۆڕینی ناونیشانی پیشەی یاریدەدەری دەرهێنەری گومرگی بۆ پیشەی بریکاری دەرهێنەری گومرگی

**دووەم** : بریکار و یاریدەدەرەکانی دەرهێنەری گومرگی دەتوانن بە خواستی خۆیان دەستبەرداری پیشەکەیان بن بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە داواکاری پێشکەش بە گومرگی پەیوەندیدار بکەن وە تا بەرواری دەرچوونی فەرمانی وازهێنانیان لە پیشەکەی لە لایەن گومرگەوە ، پێویستە هەموو ئەو قەرز و شایستە داراییانەی کە لە ئەستۆیەتی بیدات بە گومرگ .

**ماددەی (٨) :**

**یەکەم** : کاری گومرگی لەسەر مۆڵەتەکانی هاوردە و هەناردەی بازرگانی و ڕێگاپێدان و ڕەسیدانە ناکرێ کە بەناوی بریکارو یاریدەدەرەکانی دەرهێنەری گومرگین .

**دووەم** : نابێت بریکارو یاریدەدەرەکانی بەهیچ شێوەیەک کاری فرۆشتنی مۆڵەت و رەسید بکەن تەنها مامەڵەی گومرگی بۆ ئەو مۆڵەت و رەصیدانە بکەن کە کۆمپانیاو بازرگانەکان وەکالەت یان تەخویلیان کردوون وە لەکاتی دەرکەوتنی بەڵگەی سەلمێنەر بە فرۆشتن و کڕینی مۆڵەت و رەسید، ڕاستەوخۆ نوسینگەکەی بە یەکجاری دادەخرێت .

**سێیەم** : بریکارو یاریدەدەرەکانی دەرهێنەری گومرگی بەرپرسن لە هەر سەرپێچیەک کە لە ناوەڕۆک و جۆر و بڕ و کێش و خەسڵەتەکانی ئەو کاڵایانە کە خۆیان دەرهێنانی گومرگیان بۆ دەکەن ، وە هەر سەرپێچیەک لەو شێوەیە بێت بەپێی خاڵی (چوارەم/١) لە بەشی شەشەم لە ڕێنمایی ژمارە (٧) ی ساڵی ٢٠٢٠ سزا دەدرێت ( واتە سزای سەرپێچی یاسا و ڕێنماییەکان کە دەقی لە سەر نەهاتبێت کە بڕەکەی لە (٢٥٠٠٠ – ١٠٠٠٠٠٠) لە بیست و پێنج هەزار دینار تا یەک ملیۆن دینار ).

**چوارەم** : دەستکاریکردن و ڕاستکردنەوە و ڕەتکردنەوە و پوچەڵکردنەوەی ڕاگەیاندنی گومرگی لەدوای تۆمارکردنی ناوەرۆکەکەی پێویستە بەپێی یاساو ڕێنماییەکان بێت .

**ماددەی (٩) :**

**یەکەم** : ئەگەر بریکارو یاریدەەدرەکانی دەرهێنەری گومرگی ناسنامە یان باجەکانیان (وون) بکەن ، ئەوا پێویستە بنکەی (پۆلیسی وون بووەکانی) لێ ئاگاداربکەنەوە . دواتر لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گومرگ دوای دڵنیابوون لە وونبونی ناسنامە یان باجەکە ،ناسنامە یان باجێکی تری لەجیاتی وونبوەکە ( بدل ضائع ) پێ دەدرێت لە بەرامبەردا (نیوەی) ئەو بڕە پارەیەی لێوەردەگیرێت کە لە ماددەی ٢ / (یەکەم/٧ وە چوارەم/٥)ی ئەم ڕێنماییە دیاری کراوە .

**دووەم** : دوای تەواوبوونی مۆڵەتی ساڵانەی کارکردنی پیشەی بریکارو یاریدەدەرەکانی دەرهێنەری گومرگی وە لەکاتی دواکەوتنی نوێکردنەوەی مۆڵەتەکە پێویستە ڕەچاوی ئەم خاڵانەی خوارەوە بکرێت

١- تاکو (١٠) دە ڕۆژ لە بەرواری تەواو بوونی مۆڵەتەکە هیچ بڕە پارەیەکی پێبژاردن وەرناگیرێت .

٢- دوای (١٠) دە ڕۆژ ، ڕۆژانە بڕی (٥٠٠٠) پێنج هەزار دینار وەک پێبژاردنی دواکەوتنی مۆڵەتی کارکردن تاکو (٩٠) ڕۆژ لێ وەردەگیرێت .

٣- لەدوای (٩٠) نەوەد ڕۆژەکە ئەگەر بریکارو یاریدەدەرەکانی دەرهێنەری گومرگی مۆڵەتی کارکردنی پیشەکەیان نوێ نەکردەوە ، ئەوا مۆڵەتەکەیان بە بڕیاری بەڕێوەبەری گشتی گومرگ بەیەکجاری و بۆ هەمیشە هەڵدەوەشێتەوە .

**ماددەی (١٠):**

**یەکەم** : بەبڕیاری وەزیری دارایی و ئابووری بەپێی ماددەی (١٧٥/ دووەم) لە یاسای گومرگی ژمارە (٢٣) ساڵی (١٩٨٤) لیژنەیەک لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی گومرگ پێک دەهێنرێت بۆ دەستنیشان کردن و بەدواداچون بۆ هەموو ئەو سەرپێچیانەی کە لەلایەن بریکارو یاریدەدەرەکانی دەرهێنەری گومرگی ئەنجام دەدرێن .

**دووەم** : لیژنەی پێک هاتووی خاڵی یەکەمی ئەم ماددەیە دەتوانێت یەکێک لەم سزایانەی خوارەوەی ئاراستە سەرپێچیکار بکات :-

أ- سزای هۆشداری (الأنذار) .

ب- ڕاگرتنی کاتی کارکردنی پیشەی بریکار یان یاریدەدەرەکە بۆ ماوەیەک کە لەدوو ساڵ تێپەر نەکات

ج- ڕاگرتنی هەمیشەیی و پوچەڵ کردنەوەی مۆڵەتی کارکردنەکەی و داخستنی نوسینگەکەی بەیەکجاری .

**سێیەم** : سەرەڕای ئەو سزایانەی کە لە خاڵی (دووەم)ی ئەم ماددەیەدا هاتوون ، پێویستە ڕەچاوی ماددەی (٢١٥) لە یاسای گومرگی ژماری ( ٢٣ ) ی ساڵی (١٩٨٤) بکرێت لەو کاتانەی کە بریکار و یاریدەدەرەکانی بریکار سەرپێچی لە جێبەجێکردنی ئەو پابەندیانە دەکەن کە بۆیان دانراوە .

**چوارەم** : لەکاتی ئاراستەکردنی سزای ڕاگرتنی کاتی پیشەی بریکاری دەرهێنەری گومرگی بۆ ئەو ماوەیەی کە لیژنە بڕیاری لەسەردەدات ، ئەوا نوسینگەی دەرهێنەرە گومرگیەکە دادەخرێت ڕێگا بە یاریدەدەرەکانیشی نادرێت کاری پیشەی یاریدەدەری لەو نوسینگەیە بکەن .

**پێنجەم** : ئەو سزایانەی سەرەوە کە خاڵی (دووەم)ی ئەم ماددەیە لەلایەن لیژنەکەوە ئاراستەی سەرپێچیکار دەکرین ، دەکرێت لەماوەی (١٥) پازدە ڕۆژ لە ئاگادارکردنەوەی بریکار یان یاریدەدەرەکانی دەرهێنەری گومرگی بەو سزایە ، تانەیان لای وەزیری دارایی و ئابووری لێ بدرێت و بڕیاری وەزیر کۆتاییەو پێویستە جێبەجێ بکرێت .

**شەشەم** : ئەگەر سەرپێچیەکان دیاردەی ساختەکاری و دیاردەی دزێوی (التزویر و الاختلاس) بن کێشەکە حەواڵەی دادگای تایبەتمەند دەکرێت .

**حەوتەم** : تا یەکلایی کردنەوەی کێشەکە لە دادگای تایبەتمەند، ئەوا سەرپێچی کار (بریکار یان یاریدەدەری بریکار) ڕێگای پێ نادرێت کاری پیشەکەی بکات .

**هەشتەم** : لە کاتی حوکم دانی بریکار یان یاریدەدەری بریکار لە دادگای تایبەتمەند مۆڵەتەکەی هەڵدەوەشێتەوە و ڕێگای پێ نادرێت جارێکی تر پیشەکەی بکات .

**ماددەی (١١):**

مەرجەکانی پێدانی مۆڵەتی پیشەی بریکاری و یاریدەدەرەکانی دەرهێنەری گومرگی کە لە ماددەی (٢ / یەکەم و سێیەم)ی ئەم ڕێنماییە دا هاتووە لەسەر هەموو بریکارو یاریدەدەرەکان جێبەجێ دەکرێت کە پێش دەرچوونی ئەم ڕێنماییە مۆڵەتی کارکردنیان پێ دراوە جگە لە مەرجەکانی (بڕوانامە و تەمەن و مەرجی خزمایەتی پلە یەک) .

**ماددەی (١٢) :**

ئەم ڕێنماییە جێگرەوەی ڕێنمایی بەشی (یانزەیەم)ـە لە ڕێنمایی گشتی گومرگ ژمارە (٧) ساڵی (٢٠٢٠) .

**بەشی دووەم :** بەشی پێنجەم خاڵی (چل) زنجیرەی (١) لە ڕێنمایی گومرگی ژمارە (٧)ی ساڵی ٢٠٢٠ هەموار دەکرێتەوە بەم شێوەی خوارەوە :

١-زیادکردنی ڕێژەی (٣%) بۆ (٢٠%) تایبەت بە دەستکاری کردنی ژمارەی لاشە و عارەبانەی ( تانکەر ، قەلاب ، لۆری ، هاوشێوەکانی ) .

- ئەم ڕێنماییە لە دوای (١٠) دە ڕۆژ لە بڵاوکردنەوەی لەرۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) کاری پێ دەکرێت .

**ئاوات جەناب نووری**
**وەزیری دارایی وئابووری**

**وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی**

**ژمارە: ٢٧٤٩ لە ٢٠٢٣/٤/٢٥**

پاڵپشت بەو دەسەڵاتەی کە پێمان دراوە لە ماددەی (١٥٢)ی یاسای کار ژمارە (٧١)ی ساڵی ١٩٨٧ ئەم ڕێنماییەی خوارەوەمان دەرکرد :

**ڕێنمایی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٢٣**

**هەموارکردنەوەی ڕێنمایی ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠١٣**

**ڕێککاری کردنەوەی سەنتەرەکانی ڕاهێنانی پیشەیی بۆ کەرتی تایبەت لە هەرێمی کوردستان_عێراق**

**ماددەی (١):**

زیاد کردنی ماددەیەك بە ژمارە (شەشەم) کەئەمەی خوارەوە دەقەکەیەتی :

سەبارەت بەکردنەوەی سەنتەری ڕاهێنانی پیشەیی لە کەرتی تایبەت ئەم بڕە پارانەی خوارەوە وەردەگیرێت بۆ پێدانی مۆڵەت و نوێکردنەوەی.

١- بڕی (٥٠٠٠٠٠) پێنج سەد هەزار دینار بۆ پێدانی مۆڵەت.

٢- بڕی (٢٥٠٠٠٠) دوو سەدو پەنجا هەزار دینار بۆ نوێکردنەوەی مۆڵەت هەر دوو ساڵ جارێك ٠

**ماددەی (٢):**

ماددەکانی تری هاتوو لە ڕێنمایی ئاماژە پێکراو بە گوێرەی ڕێزبەندی ڕێك دەخرێنەوە ٠

**ماددەی (٣):**

ئەم ڕێنماییە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) ، جێبەجێ دەکرێت.

**کوێستان محمد عبدالله**

**وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی**

**دەستەی پاراستن و چاکردنی ژینگە**

پشت بەست بە حوکمەکانی ماددەی(دەیەم) لە یاسای دەستەی پاراستن و چاکردنی ژینگە لە هەرێمی کوردستان- عێراق ژمارە(٣)ی ساڵی ٢٠١٠ و حوکمەکانی ماددەکانی (چل و یەکەم) و (چل و دووەم) و (چل و سێیەم) و (چل و پێنجەم) لە یاسای پاراستن و چاکردنی ژینگە لە هەرێمی کوردستان- عێراق ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠٠٨ی هەموارکراو ئەم ڕێنماییەی خوارەوەمان دەرکرد:

**ڕێنمایی ژمارە(٢)ی ساڵی٢٠٢٣**
**بەدواداچوون و بەرزەفتکردنی سەرپێچییە ژینگەییەکان**

**ماددەی (١):**

مەبەست لەم دەستەواژانەی خوارەوە ئەو واتایانەی بەرامبەریانە بۆ مەبەستەکانی ئەم ڕێنماییانە:

**یەکەم: دەستە**: دەستەی پاراستن و چاکردنی ژینگە لە هەرێمی کوردستان-عێراق.

**دووەم: سەرۆکی دەستە**: سەرۆکی دەستەی پاراستن و چاکردنی ژینگە لە هەرێمی کوردستان-عێراق.

**سێیەم: دەسەڵاتی ژینگەیی**: واتە سەرۆکی دەستە یان ڕێپێدراوەکەی لە بەڕێوەبەرانی فەرمانگەی ژینگە لە پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکان.

**چوارەم: بەڕێوەبەری پڕۆژە**: هەرکەسێک بەڕێوەبردن و سەرپەرشتیکردنی پڕۆژەی لە ئەستۆ دا بێت، ئینجا بەهەر سیفەتێک بێت.

**پێنجەم: یاساو ڕێنماییە ژینگەییەکان**: هەموو حوکمە یاساییەکانی تایبەت بە پاراستن و چاکردنی ژینگە، جا ئەگەر ئاسایی بێت یان لاوەکی وەکو پەیڕەو و ڕێنماییەکان.

**شەشەم: ڕەزامەندی ژینگەیی**: بەڵگەنامەیەکی فەرمییە دەسەڵاتی ژینگەیی دەریدەکات بەپێی ئەو بەڵگەنامەیە ڕێگا بە ئەنجامدانی هەندێک چالاکی دیاریکراو دەدرێت.

**حەوتەم: سەرپێچیەکان**: واتە پابەند نەبوون بەمەرج و ڕێنماییە ژینگەییەکان یان پیسکردن یان شێواندنی ژینگە.

**هەشتەم: سەرپێچیکار**: هەر کەسێکە ببێتە هۆکار بەکردەوەی خۆی یان کەمتەرخەمی یان کردەوەی ئەو کەسانەی لەژێر سەرپەرشتی یان چاودێری یان کۆنترۆلی ئەودان، یان سەرپێچی یاساکان و پەیڕەو و ڕێنماییەکان بکات و زیان بە ژینگە بگەیێنێت.

**ماددەی (٢):ئامانج لەم ڕێنماییانە بریتییە لە:**

١- پابەندکردن بە ڕێنماییە ژینگەییەکان.

٢- چۆنیەتی بەرزەفتکردنی پڕۆژەو چالاکیە سەرپێچیکارە ژینگەییەکان.

٣- کۆنترۆڵکردنی پیسکردن و شێواندنی ژینگەیی.

٤- سزادانی سەرپێچیکاران و قەرەبووکردنەوەی زیانە ژینگەییەکان.

**ماددەی (٣):**

دەسەڵاتی ژینگەیی بۆی هەیە ئەم ڕێکارانە بگرێتەبەر بەرامبەر پڕۆژە پیسکارەکانی ژینگە کە پێچەوانەی ڕێنماییەکان کار دەکەن، ئەوانیش بریتین لە:

**یەکەم:** ئاراستەکردنی ئاگادارکردنەوەیەک بۆ لایەنی سەرپێچیکار بەپێی یاساو ڕێنماییەکان بە ڕاگرتنی سەرچاوەی پیسکردنەکەو لابردنی یان ڕاگرتنی سەرپێچی ڕێنماییە ژینگەییەکان لەماوەی (١٠) دە ڕۆژ لە ڕێکەوتی پێڕاگەیاندنی ئاگادارکردنەوەکەی.

**دووەم:** لایەنی سەرپێچیکار بۆی هەیە داوای درێژکردنەوەی ئەو ماوەیە بکات کە لە بڕگەی یەکەمی ئەم ماددەیەدا ئاماژەی پێدراوەو، دەسەڵاتی ژینگەیی بۆی هەیە ماوەکەی بۆ درێژبکاتەوە، ئەگەر چەسپێنرا کە ماوەی یەکەم بەشی ناکات بەم شێوەیەی لای خوارەوە:

- بۆ پڕۆژەکانی پۆلێنی (أ) سێ مانگ.
- بۆ پڕۆژەکانی پۆلێنی (ب) دوو مانگ.
- بۆ پڕۆژەکانی پۆلێنی (ج) یەک مانگ.

**سێیەم:** لە حاڵەتی بەردەوام بوونی سەرپێچییەکە، دەسەڵاتی ژینگەیی بۆی هەیە سزای پێبژاردن بەسەر لایەنی سەرپێچیکاردا بسەپێنێت بەپێی بڕگەی (سێیەم )لە ماددەی (چل و دووەم) لە یاسای پاراستن و چاککردنی ژینگە لە هەرێمی کوردستان- عێراق ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠٠٨ بۆ هەر ڕۆژێک لە دواخستنی لابردنی سەرپێچییەکە دوای تەواو بوونی ئەو ماوەیەی لەم ماددەیەدا ئاماژەی پێدراوە.

**چوارەم:** لەحاڵەتی ملنەدان بۆ پێبژاردنی یەکەم، ئەوا سەرپێچیکار سزاکەی لەسەر دوو بەرامبەر دەکرێت لەلایەن دەسەڵاتی ژینگەییەوە.

**پێنجەم:** دەسەڵاتی ژینگەیی بۆی هەیە بەفەرمانێك پڕۆژەکە لە کارکردن ڕابگرێت لەماوەیەکدا کە لە (٩٠) ڕۆژ زیاتر نەبێت لە حاڵەتی بەردەوامبوون لەسەر پیسکردن سەرەڕای تێپەڕینی ئەو ماوەیەی لەم ماددەیەدا ئاماژەی پێدراوە یان چاک نەکردنەوەی زیانەکان یان ڕازینەبوون بە دانی قەرەبوو.

**شەشەم:** دەسەڵاتی ژینگەیی بۆی هەیە بەفەرمانێک پڕۆژەکە دابخات بەشێوەیەکی کاتیش ڕەزامەندی ژینگەیی بکێشێتەوە.

**حەوتەم:** دەستە سەرەڕای ئەو ڕێکارانەی لەم ماددەیەدا هاتوون بۆی هەیە سەرپێچیکار پابەند بکات بە چاککردنەوەی ئەو زیانە ژینگەییانەی کە بوەتە هۆکاری دروستبوونیان و داوای قەرەبووی زیانەکان بکات یان هەردووکیان.

**ماددەی (٤):**

دەسەڵاتی ژینگەی بۆی هەیە داوای سزایی یان مەدەنی - بەپێی بارودۆخەکە - لە سەر پڕۆژەو دامەزراوە سەرپێچیکارەکانی ڕێنماییە ژینگەییەکان لە دادگا تۆماربکات لە ڕێگای نوێنەری یاسایی لە فەرمانگەکان یان بەشی یاسایی دەستە.

**ماددەی (٥):**
لە لایەن فەرمانگەکانی ژینگە (لە پارێزگا وئیدارە سەربەخۆکان) بەپێی ئەو دەسەڵاتەی لە لایەن سەرۆکی دەستەوە پێیاندراوە، لە ڕێگەی هۆبەی یاسایی فەرمانگەکان بڕی سزادانەکان دەستنیشان دەکرێن و بە فەرمانێک سزاکان دەسەپێنرێت.
**ماددەی (٦):**خشتەی سزاکانی هاوپێچکراو کە حەقدە خشتە دەگرێتەوە بەشێکن لەو ڕێنماییە .
**ماددەی (٧):**ئەو سزاو پێبژاردنانەی کە لەچوارچێوەی ئەم ڕێنمایە وەردەگیرێن وەک داهات هەژمار دەکرێن.
**ماددەی (٨):**
دەسەڵاتی ژینگەیی بۆی هەیە بڕی سزادان بۆ هەر سەرپێچییەک کە لەخشتەی هاوپێچ نەهاتووە دیاری بکات، بەپێی هەڵسەنگاندنی کاریگەریی سەرپێچییەکە.
**ماددەی (٩):**ڕێنمایی ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٢١ و بەیانی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٢١ی دەستە هەڵدەوەشێتەوە و کاری پێ ناکرێت.
**ماددەی (١٠):**پێویستە لەسەر لایەنە پەیوەندارەکان ئەم ڕێنماییە جێبەجێ بکەن.
**ماددەی (١١):**ئەم ڕێنماییە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی وەقایعی کوردستان کاری پێ دەکرێت.

**ئەندازیار/ عبدالرحمن صدیق**
**سەرۆکی دەستە**

**(خشتەی سزاکان)**

**خشتەی یەکەم:** سزادانی مۆلیدەی گەڕەکەکان لە کاتی هەبوونی سەرپێچی ژینگەیی بەم شێوەی خوارەوە دەبێت:

| ژ | سەرپێچی | بڕی سزا بە دیناری عێراقی |
|---|---|---|
| ١ | سەوزایی نەبوو یان لەبڕی سەوزی نەکرد | ٣٠٠هەزار - ٥٠٠ هەزار |
| ٢ | ژاوەژاوی هەبێت. | ٥٠٠ هەزار |
| ٣ | دووکەڵ بکات (بۆ هەر مۆلیدەیەك). | ١ملیۆن - ١ملیۆن و ٥٠٠ هەزار |
| ٤ | زەویەکەی کۆنکریت نەکرابێت. | ٥٠٠ هەزار |
| ٥ | دیوار نەکرابێت. | ١ ملیۆن |
| ٦ | پیسبوونی دەورووبەری مۆلیدە بە گازوایل و ڕۆن. | ٥٠٠ هەزار - ١ ملیۆن |

**خشتەی دووەم:** سزادانی ئۆتێل و باڵەخانەو چێشتخانەکان لە کاتی هەبوونی سەرپێچی ژینگەیی بەم شێوەی خوارەوە دەبێت:

| ژ | سەرپێچی | | بڕی سزا بە دیناری عێراقی |
|---|---|---|---|
| ١ | مۆلیدە | ژاوەژاوی هەبێت. | ١ ملیۆن |
| | | دووکەڵ بکات. | ١ ملیۆن |
| ٢ | سەوزایی نەبێت یان لەبڕی سەوزی نەکرد | | ١ - ٣ ملیۆن |
| ٣ | نەبوونی یەکەی چارەسەری ئاوەڕۆ. | | ١ - ٣ ملیۆن |
| ٤ | فڕێدانی پاشماوەکان. | | ١ - ٣ ملیۆن |
| ٥ | پیسبوونی دەورووبەری مۆلیدە بە گازوایل و ڕۆن. | | ١ - ٣ ملیۆن |

**خشتەی سێیەم:** سزادانی پرۆژەکانی نیشتەجێبوون لە کاتی هەبوونی سەرپێچی ژینگەیی بەم شێوەی خوارەوە دەبێت:

| ژ | سەرپێچی | | بڕی سزا بە دینار عێراقی |
|---|---|---|---|
| ١ | ڕەزامەندی ژینگەیی نەبوو. | | ٨ ملیۆن |
| ٢ | سەوزایی جێبەجێ نەکردبوو یان لەبڕی سەوزی نەکرد | | ٨ ملیۆن |
| ٣ | سەوزایی ٥٠٪ ی لە ڕێژەی دیاریکراو جێبەجێ کردبوو. | | ٤ ملیۆن |
| ٤ | یەکەی چارەسەری ئاوەڕۆی دانەنابوو. | ٥٠٠- ١٠٠٠ یەکەی نیشتەجێبوون. | ٣ ملیۆن |
| | | ١٠٠١- ١٥٠٠ | ٤ ملیۆن |
| | | ١٥٠١ زیاتر | ٥ ملیۆن |
| ٥ | گۆڕینی سایت پلان بە بێ ڕەزامەندی ژینگەیی. | | ١ ملیۆن |
| ٦ | فڕێنەدانی پاشماوەکانی خانوو. | | ٤ - ٦ملیۆن |
| ٧ | فڕێنەدانی زبڵ و خۆڵ و خاشاك (پاشماوەکان). | | ١ ملیۆن |
| ٨ | مۆلیدەکەی ژاوەژاوی هەبێت. | | ١ ملیۆن |
| ٩ | مۆلیدەکەی دووکەڵ بکات. | | ١ ملیۆن بۆ هەر موەلیدەیەك |
| ١٠ | پیسبوونی دەوروبەری مۆلیدە بە گازوایل و ڕۆن. | | ١ ملیۆن |

**خشتەی چوارەم:** سزادانی شوشتنگەکان (غەسلەکان) لە کاتی هەبوونی سەرپێچی ژینگەیی بەم شێوەی خوارەوە دەبێت:

| ژ | سەرپێچی | بڕی سزا بە دیناری عێراقی |
|---|---|---|
| ١ | ئەگەر ڕەزامەندی ژینگەیی نەبوو. | ٢ ملیۆن |
| ٢ | نەبوونی یەکەی چارەسەری ئاوەڕۆ. | ٣ ملیۆن |
| ٣ | مۆلیدەکەی ژاوەژاوی هەبێت. | ١ ملیۆن |
| ٤ | مۆلیدەکەی دووکەڵ بکات. | ١ ملیۆن |
| ٥ | نەبوونی ڕێژەی سەوزایی یان لەبڕی سەوزی نەکرد. | ١ ملیۆن |
| ٦ | پیسبوونی دەوروبەری مۆلیدە بە گازوایل و ڕۆن. | ١ - ٣ ملیۆن |

**خشتەی پێنجەم:** سزادانی پرۆژەکانی تاوەرەکانی مۆبایل و ئەنتەرنێت و تەلەفزیۆن و ڕادیۆ لەکاتی هەبوونی سەرپێچی ژینگەیی بەم شێوەی خوارەوە دەبێت:

| ژ | سەرپێچی | بڕی سزا بە دیناری عێراقی |
|---|---|---|
| ١ | دانانی تاوەرەکان بەبێ ڕەزامەندی ژینگەیی. | ٤ ملیۆن |
| ٢ | دانانی بەدالەی مەرکەزی بەبێ رەزامەندی ژینگەیی. | ٥ ملیۆن |
| ٣ | تاوەری تەلەفزیۆن و ڕادیۆ ئەگەر ڕەزامەندی ژینگەیی نەبوو. | ٥ ملیۆن |
| ٤ | ئەگەر بەرزی تاوەرەکان بە پێی ڕێنماییەکان نەبوو. | ٤ ملیۆن |
| ٥ | پابەند نەبوون بە ڕووبەری سەوزایی یان لەبڕی سەوزکردن. | ٤ ملیۆن |
| ٦ | نەبوونی نیشانەی ئاگادارکردنەوە. | ٢ ملیۆن |
| ٧ | مۆلیدەکەی ژاوەژاوی هەبێت. | ١ ملیۆن |
| ٨ | مۆلیدەکەی دووکەڵ بکات. | ١ ملیۆن |
| ٩ | شورەی دەرەوەی نەکرابێت. | ٢ ملیۆن |
| ١٠ | پیسبوونی دەوروبەری موەلیدە بە گازوایل و ڕۆن. | ٣ ملیۆن |

**خشتەی شەشەم:** سزای پێبژاردن بۆ سەرپێچیکردنی ڕێنماییەکانی سەرچاوە تیشکدەرەکان :

| ژ | سەرپێچی | بڕی سزا بە دیناری عێراقی |
|---|---|---|
| ١ | دابیننەکردنی ئامێرەکان بۆ پێوانەکردنی بەرکەوتنی کەسی بۆ کرێکاران لە بواری تیشکی نائایۆنی (دۆزمیتەر). | ٣ ملیۆن |
| ٢ | دابین نەکردنی کەرەستەی خۆپارێزی بۆ کرێکارانی. بواری تیشکی نائایۆنی | ٣ ملیۆن |
| ٣ | هاوکاری نەکردن لەگەڵ تیمی پشکنینی دەستەی ژینگە. | ٢ ملیۆن |
| ٤ | پابەندنەبوون بە هەموو پێداویستییەکان (هاوردەکردن – گواستنەوە – هەڵگرتن – بەکارهێنان – هەناردەکردن). | ٣ ملیۆن |
| ٥ | نەبوونی بەرپرسی خۆپاراستن لە تیشك. | ٢ ملیۆن |
| ٦ | هەناردەنەکردنی سەرچاوەکە بۆ وڵاتی دروستکەر لە دوای تەواوکردنی بەکارهێنانی. | ٦ ملیۆن |
| ٧ | هێنانی سەرچاوەی تیشکدەر یان ماددەی تیشکدەر بۆ سنوورەکانی هەرێمی کوردستان بەبێ ئاگادارکردنەوەی دەستەی ژینگە. | ١٥ ملیۆن |
| ٨ | دامەزراندنی کۆگایەک بەپێچەوانەی ئەو ڕێنماییانەی کە لەلایەن دەستەی ژینگەوە دەرچووە | ٥ ملیۆن |
| ٩ | فڕێدانی پارچە پاشماوەی پیسبوو بە تیشکەوە لە شوێنە گشتییەکان و پابەندنەبوون بەو ڕێوشوێنانەی کە لەلایەن دەستەی ژینگەوە سەپێنراون. | ١٠ ملیۆن |

**خشتەی حەوتەم :** سزادانی پرۆژەکانی پەلەوەرو کشتوکاڵییەکان لەکاتی هەبوونی سەرپێچی ژینگەیی بەم شێوەی خوارەوە دەبێت:

| ژ | سەرپێچی | بڕی سزا بە دیناری عێراقی |
|---|---|---|
| ١ | ئەگەر ڕەزامەندی ژینگەیی نەبوو. | ٢ - ٤ ملیۆن |
| ٢ | موەلیدەکەی دووکەڵ بکات. | ١ - ٣ ملیۆن |
| ٣ | مۆلیدەکەی ژاوەژاوی هەبێت. | ١ - ٣ ملیۆن |
| ٤ | فڕێدانی پاشماوەکان. | ٢ - ٣ ملیۆن |
| ٥ | نەبوونی سوتێنەرو شوێنی لەناوبردنی. فەوتاوەکان | ٢ - ٤ ملیۆن |
| ٦ | نەبوونی سەوزایی یان لەبڕی سەوزی نەبوو. | ١ - ٣ ملیۆن |
| ٧ | پیسبوونی دەورووبەری مۆلیدە بە گازوایل و ڕۆن. | ١ - ٣ ملیۆن |

**خشتەی هەشتەم :** سزادانی بەنزینخانەکان لە کاتی هەبوونی سەرپێچی ژینگەیی بەم شێوەی خوارەوە دەبێت:

| ژ | سەرپێچی | بڕی سزا بە دیناری عێراقی |
|---|---|---|
| ١ | ئەگەر ڕەزامەندی ژینگەیی نەبوو. | ٢ - ٤ ملیۆن |
| ٢ | مۆلیدەکەی دووکەڵ بکات. | ١ - ٣ ملیۆن |
| ٣ | مۆلیدەکەی ژاوەژاوی هەبێت. | ١ - ٣ ملیۆن |
| ٤ | پیسکردنی ناو بەنزینخانە بە پاشماوەی شل. | ١ ملیۆن |
| ٥ | نەبوونی یەکەی چارەسەری ئاوەڕۆ (ئەگەر شوشتنگەی تێدابێت). | ٣ ملیۆن |
| ٦ | نەبوونی سەوزایی یان لەبڕی سەوز نەکات | ١ - ٣ ملیۆن |
| ٧ | پیسبوونی دەورووبەری مۆلیدە بە گازوایل و ڕۆن. | ١ ملیۆن |

**خشتەی نۆیەم :** سزادانی پاڵاوگەکان لە کاتی هەبوونی سەرپێچی ژینگەیی بەم شێوەی خوارەوە دەبێت:

| ژ | سەرپێچی | بڕی سزا بە دیناری عێراقی |
|---|---|---|
| ١ | مۆڵەتی نەبوو. | ١ ملیۆن |
| ٢ | سەوزایی نەبوو یان لەبڕی سەوزی نەکرد. | ٦ ملیۆن |
| ٣ | یەکەی چارەسەری نەبوو. | ٨ ملیۆن |
| ٤ | نەبوونی سیستەمی فلتەری پێشکەوتوو. | ١ ملیۆن |
| ٥ | کۆنکریت نەکردنی زەوی پاڵاوگەکە. | ٦ ملیۆن |
| ٦ | مۆلیدەکەی ژاوەژاوی هەبێت. | ٣ ملیۆن |
| ٧ | مۆلیدەکەی دووکەڵ بکات. | ١ ملیۆن |
| ٨ | پیسبوونی دەورووبەری مۆلیدە بە گازوایل و ڕۆن. | ١ ملیۆن |
| ٩ | فڕێدانی پاشماوەی ڕەق (خۆڵ وخاشاك). | ٣ ملیۆن |

**خشتەی دەیەم:**سزادانی نەخۆشخانەکان و کۆمەڵگای پزیشکی نۆرینگەو سەنتەری پزیشکی لە کاتی هەبوونی سەرپێچی ژینگەیی بەم شێوەی خوارەوە دەبێت:

| ژ | سەرپێچی | بڕی سزا بە دینار عێراقی بەپێی پۆلین |
|---|---|---|
| ١ | ئەگەر ڕەزامەندی ژینگەیی نەبوو. | أ- ١٠ ملیۆن<br>ب- ٦ملیۆن<br>ج- ٢ ملیۆن |
| ٢ | دەرچوونی ئاوی پیس لە یەکەی چارەسەر بە پێی مواصفات نەبوو. | ٢ - ٦ ملیۆن |
| ٣ | جیانەکردنەوەی ئاوەڕۆی نەخۆشخانە لە ئاوەڕۆی گشتی. | ٢ – ٦ ملیۆن |
| ٤ | چارەسەرنەکردنی پاشماوە پزیشکییەکان. | أ- ٦ ملیۆن<br>ب- ٤ملیۆن<br>ج- ٢ملیۆن |
| ٥ | تاقیگەی نۆرینگەکان ڕەزامەندی نەبوو. | ٢ - ٣ ملیۆن |
| ٦ | ڕێژەی سەوزایی تەرخان نەکرابوو یان لەبڕی سەوزی نەکرد. | ٢ - ٣ ملیۆن |
| ٧ | مۆلیدە: ژاوەژاوی هەبێت | ١ ملیۆن |
| | مۆلیدە: دووکەڵ بکات | ١ ملیۆن |
| ٨ | دزەکردنی تیشك. | ٤ - ٦ ملیۆن |
| ٩ | دابیننەکردنی کەرەستەی خۆپارێزی بۆ کرێکارانی بواری تیشکی نائایۆنی. | ١ - ٣ ملیۆن |
| ١٠ | هاوکاری نەکردنی تیمی پشکنینی دەستەی ژینگە. | ٢ – ٦ ملیۆن |
| ١١ | نەبوونی بەرپرسی خۆپاراستن لە تیشك. | ٢ ملیۆن |
| ١٢ | نەبوونی دۆزمیتەر وفلم باج بۆ کارمەندان. | ٣ ملیۆن |
| ١٣ | نەبوونی سیستەمی هەواگۆڕکێ. | ٤ ملیۆن |
| ١٤ | پیسبوونی دەورووبەری موەلیدە بە گازوایڵ و ڕۆن. | ٣ ملیۆن |
| ١٥ | فڕێنەدانی پاشماوەی پزیشکی لەو شوێنانەی کە تەرخان کراون. | ٢ ملیۆن |
| ١٦ | فڕێدانی پاشماوەی مەترسیدار. | ١٠ ملیۆن |

**خشتەی یازدەیەم :**سزادانی پرۆژە پیشەسازییەکان لەکاتی هەبوونی سەرپێچی ژینگەیی بەم شێوەی خوارەوە دەبێت:

| ژ | سەرپێچی | | بڕی سزا بە دیناری عێراقی بە پێی پۆلینی پرۆژەکان |
|---|---|---|---|
| ١ | نەبوونی مۆڵەت | | ٣ - ٥ ملیۆن |
| ٢ | نەبوونی سەوزایی یان لەبڕی سەوزی نەکرد. | | أ- ٣ ملیۆن |
| | | | ب- ٢ملیۆن |
| | | | ج- ٧٥٠ هەزار |
| ٣ | چارەسەر نەکردنی ئاوەڕۆ. | | أ- ٥ ملیۆن |
| | | | ب- ٤ ملیۆن |
| | | | ج- ٣ ملیۆن |
| ٤ | فڕێدانی پاشماوەی ڕەق. | | أ- ٥ ملیۆن |
| | | | ب- ٤ ملیۆن |
| | | | ج- ٣ ملیۆن |
| ٥ | نەبوونی سیستەمی فلتەری پێشکەوتووی هەوا. | | أ- ٦ ملیۆن |
| | | | ب- ٥ملیۆن |
| | | | ج- ٤ملیۆن |
| ٦ | فڕێنەدانی پاشماوەی دروستکردنی پرۆژەکە بۆ شوێنی دیاریکراو. | | أ- ٤ملیۆن |
| | | | ب- ٣ملیۆن |
| | | | ج- ٢ملیۆن |
| ٧ | مۆلیدە | ژاوەژاوی هەبێت. | ١ ملیۆن |
| | | دووکەڵ بکات. | ١ ملیۆن |
| ٨ | پیسبوونی دەورووبەری مۆلیدە بە گازوایل و ڕۆن. | | ١ ملیۆن |
| ٩ | فڕێدانی پاشماوەی مەترسیدار. | | ٥ - ١٠ ملیۆن |

**خشتەی دوازدەیەم :**

| سەرپێچی | بڕی سزا بە دیناری عێراقی |
|---|---|
| فڕێدانی پاشماوەکان لە شوێنە گەشتیارییەکان و هاوینەهەوارەکان و ناوچە شوێنەوارییەکان. | ١٠٠ هەزار – ٦ملیۆن |

**خشتەی سێزدەیەم :**

| ژ | سەرپێچی | بڕی سزا بە دیناری عێراقی |
|---|---|---|
| ١ | فڕێدان یان جێهێشتنی پاشماوەی دروستکردن یان تێکدانی خانووی نیشتەجێبوون یان باڵەخانەکان یان ناو کۆڵانەکان و شەقامەکان یانیش لەو گۆڕەپانانەی نزیکن لە شوێنی کارکردن. | ٢٥٠ هەزار - ١ ملیۆن |
| ٢ | ڕژانی کۆنکریتی ئامادەکراو لە ئۆتۆمبێلی تایبەت بە گواستنەوەی کۆنکریت لەسەر ڕێگاوبان و شەقامەکان. | ٢٥٠هەزار |

**خشتەی چواردەیەم :** سزادانی ڕۆن گۆڕەکان لە کاتی هەبوونی سەرپێچی ژینگەیی بەم شێوەی خوارەوە دەبێت:

| ژ | سەرپێچی | بڕی سزا بە دیناری عێراقی |
|---|---|---|
| ١ | ئەگەر ڕەزامەندی ژینگەیی نەبوو. | ٥٠٠ هەزار- ١ ملیۆن |
| ٢ | ژاوەژاوی هەبێت. | ٥٠٠ هەزار- ١ ملیۆن |
| ٣ | فڕێدانی دەبەو جلیکان و بەرمیلی بەتاڵ و فلتەرە کۆنەکان یان سوتاندنیان. | ٥٠٠ هەزار- ٢ ملیۆن |
| ٤ | پیسبوونی دەورووبەری شوێنەکە بە ڕۆن. | ٥٠٠ هەزار- ١ ملیۆن |
| ٥ | نەبوونی سەوزایی یان لەبڕی سەووزی نەکرد. | ١ - ٣ ملیۆن |
| ٦ | مۆلیدەکەی ژاوەژاوی هەبێت. | ١ ملیۆن |
| ٧ | مۆلیدەکەی دووکەڵ بکات. | ١ ملیۆن |
| ٨ | پیسبوونی دەورووبەری مۆلیدە بە گازوایل و ڕۆن. | ١ ملیۆن |

**خشتەی پازدەیەم :** سزادانی مۆلیدەی خانووی ماڵان لە کاتی هەبوونی سەرپێچی ژینگەیی بەم شێوەی خوارەوە دەبێت:

| ژ | سەرپێچی | بڕی سزا بە دیناری عێراقی |
|---|---|---|
| ١ | مۆلیدەکە ژاوەژاوی هەبێت. | ٢٥٠ هەزار- ١ ملیۆن |
| ٢ | مۆلیدەکە دووکەڵ بکات. | ٢٥٠ هەزار- ١ ملیۆن |
| ٣ | پیسبوونی دەورووبەری مۆلیدە بە گازوایل و ڕۆن. | ٢٥٠ هەزار- ١ ملیۆن |

**خشتەی شازدەیەم:**

| سەرپێچی | بڕی سزا بە دیناری عێراقی |
|---|---|
| بەتاڵکردنی تانکەرەکانی ئاوی قورس و ئاودەستەکان (تەوالێتەکان) لەو شوێنانەی کە تەرخان نەکراون بۆ ئەو مەبەستە. | ٥٠ هەزار- ٥ ملیۆن |
| تێکدانی ژینگەی سروشتی دەوروبەری پڕۆژەکە. | ١ — ١٠ ملیۆن |

**خشتەی حەڤدەیەم :**

| سەرپێچی | بڕی سزا بە دیناری عێراقی |
|---|---|
| ڕازی نەبوون بەدانانی چاودێری ژینگەیی (بۆ هەر ساڵێک). | ٨ ملیۆن |